# کاریگەری

# دەستوەردانی دەرەکی

# لەسەر سەروەری ئێراق (٢٠١٦-٢٠٢٠)

نوسینی

ئیسماعیل صلاح کریم

ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی
Chawy Kurd Center for Political Development

٢٠٢٢

## تێبینی:

ئەم نامیلکەیە لە بنەڕەتدا توێژینەوەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە، لەلایەن نوسەرەوە پێشکەشی بە (بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی) کۆلێژی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە بەسەرپەرشتی (مامۆستا هاوکار سمایل)، و وەك توێژینەوەیەکی سەرکەوتوو هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ کراوە و وەرگیراوە.

بۆیە لەکاتی دیزاینکردنیدا لەلایەن (ناوەندی چاوی کورد)ەوە هەر لەسەر هەمان شێوازی توێژینەوەی زانستی هێڵدرایەوە ودەستکاری ڕێخستنەکەی لەڕوی هەرەمی توێژینەوەکەوە نەکرا.

## ❖ پێشەکی:

عێراق لە سەرەتای دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٢١ بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، بە شێوەیەک هەر قۆناغێک تایبەتمەندی خۆی هەبووە و گۆڕانکاری تێیدا ڕوویدا، ئەم گۆڕانکاریانە ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر ئەدای کارەکانی حکومەت بە شێوەیەکی تایبەتی و پێگەی عێراق لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتی.

دەستتێوەردان لە عێراق پاشخانێکی مێژوویی هەیە، چونکە دامەزراندنی عێراق لەسەر ویست و داخوازی گەلی عێراق نەبووە بەڵکو بە ویست و داخوازی دەوڵەتانی زلهێزی ئەوکات بە تایبەت بەریتانیا دروستکراوە، ئەمەش ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ سەرهەڵدانی ململانێ لە نێوخۆی عێراق، ئەم ململانێیانە هۆکار و ڕێگا خۆشکەر بوونە بۆ دەستتێوەردان لە عێراق لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

سەروەری عێراق وابەستەیە بەو گۆڕانکاری و ململانێیانە، بۆیە عێراق ڕووبەڕووی قەیرانی سەروەری بووەتەوە بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٣، چونکە عێراق ڕووبەڕووی دەستتێوەردان بووەوە لەلایەن دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دەست تێوەردانەکان کاریگەریان هەبێت لەسەر سەروەری عێراق بە ئاراستەیەکی نەرێنی، بۆیە لە دوای ٢٠٠٣ عێراق دەناڵێنێ بەدەست دەستتێوەردانی دەرەکی، بێ ئەوەی پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتی لەگەڵدا بێت، یا مەبەستەکە نەهێشتنی فەوزا بێت، بۆیە ئەم دەستتێوەردانانە زیاتر پەیوەستن بە ویست و ستراتیژی تایبەت و بەرژەوەندی و داخوازی هێزە دەرەکییەکان، جگە لەوەی زۆرجار ئەم دەستتێوەردانانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ململانێ نێوخۆیی و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق هەبووە، دواجار بووەتە هۆی لاوازکردن و نەهێشتنی سەروەری.

## ❖ گرنگی توێژینەوە:

هەر توێژینەوەیەک گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەدەردەکەوێت کە سەروەری یەکێکە لە پایە گرنگەکانی دەوڵەت، لەدەستدانی سەروەری مەترسیەکی زۆر گەورەیە لەسەر عێراق، هەروەها دەستتێوەردان بابەتێکی گرنگە و جێگای بایەخە، چونکە سەروەری عێراق لەرێگای دەستتێوەردانەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی رووبەرووی مەترسی بووەتەوە بە دەوڵەتێکی (ناقص السيادة) دادەنرێت.

## ❖ ئامانجی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر چەمکی سەروەری و دەستتێوەردان و شیان دەکەینەوە، ئەویش بەدەرخستنی هۆکارەکانی دەستتێوەردانی دەوڵەتان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەروەها کاریگەری دەستتێوەردانەکان لەسەر سەروەری عێراق لەدوای ساڵی ٢٠١٦ و شیکردنەوەی ئایندەی سەروەری عێراق لەژێر کاریگەری دەستتێوەردانەکان.

## ❖ پرسیاری توێژینەوە:

ئایا سەروەری عێراق کاریگەرە بە دەستتێوەردانەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی؟

## ❖ گریمانەی توێژینەوە:

دەستتێوەردانەکان لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە عێراق کاریگەریان هەیە لەسەر سەروەری عێراق.

## ❖ بگۆڕەکان:

ئەم توێژینەوەیە دوو جۆر بگۆڕ لەخۆدەگرێت کە بریتین لە (بگۆڕی سەربەخۆ و بگۆڕی وابەستە یاخود گرێدراو).
بگۆڕی سەربەخۆ: دەستتێوەردانی دەرەکی.
بگۆڕێ وابەستە یاخود گرێدراو: سەروەری.

## ❖ میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سوود لە میتۆدی (وەسفی و شیکاری) وەربگیرێ تاوەکو شیکردنەوە بۆ هەریەک لە چەمکەکانی سەروەری و دەستتێوەردان بکرێ لەگەڵ شیکردنەوە و کاریگەری دەستتێوەردانی دەرەکی لەسەر سەروەری عێراق.

## ❖ شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان:

لە دروستکردنی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە هەردوو شێوازی (کتێبخانەیی و مەیدانی) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

## ❖ پێکهاتەی توێژینەوە:

پێکهاتەی توێژینەوەکە پێک دێت لە پێشەکی و سێ بەش کە بەم شێوەیە دابەش کراوە، بەشی یەکەم پەیوەستە بە ناساندنی چەمکەکانی دەستتێوەردان و سەروەری کە دابەشی دوو باس کراوە، باسی یەکەم چەمکی دەستتێوەردان و جۆرەکانی باس کراوە، لە باسی دووەم چەمکی سەروەری و چوارچێوەی تیۆری سەروەری دەوڵەت باس کراوە، هەرچی بەشی دووەمە باس لە هۆکارەکانی دەستتێوەردانی دەرەکی لە عێراق دەکەین، لە باسی یەکەم هۆکارە نێوخۆییەکانی دەستتێوەردانی دەرەکی لە عێراق باس دەکەین، لە باسی دووەم هۆکارە دەرەکییەکانی دەستتێوەردانی دەرەکی لە عێراق باس دەکەین، لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا باسی

کاریگەری دەستتێوەردان لەسەر سەروەری عێراق دەکەین، لە باسی یەکەم کاریگەری دەستتێوەردان لەسەر سەروەری عێراق دوای ساڵی ٢٠١٦ دەکەین، باسی دووەم بریتی دەبێت لە خوێندنەوەیەکی ئایندەیی بۆ سەروەری عێراق لەژێر کاریگەری دەستتێوەردانەکان.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم
## ناساندنی چەمکی دەستتێوەردان و سەروەری

دەستنیشان کردنی ئەکادیمی و زانستی و پێدانی پێناسەیەکی یەکگرتوو بە چەمکەکانی دەستتێوەردان و سەروەری ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زۆر بووەتەوە، بەهۆی ناکۆکی لێکۆڵەرەوان و توێژەران لە دەستنیشانکردنی یەک چوارچێوەی زانستی و یەک پێناسە بۆ چەمکی دەستتێوەردان و سەروەری، بەهۆی جیاوازی لە ڕووی فەرهەنگی و کلتووری ئایدۆلۆژی و فەلسەفیەوە، لێرەوە پێناسەکان زۆرن کە تایبەتن بە دەستنیشان کردن و ناساندنی چەمکەکانی دەستتێوەردان و سەروەری.

هەواڵنامەی کتێب

# باسی یەکەم
## چەمکی دەستتێوەردان و جۆرەکانی

دەستتێوەردان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، کاتێک دەوڵەتێکی بەهێز بە لاوازی دەوڵەتێکی تری دەزانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی کردنی ئەجێندا و بەرژەوەندییەکانی، یاخود نەهێشتنی مەترسی لەسەر خۆی دەستتێوەردانی لە کاروباری دەوڵەتی لاواز دەکرد و دەیخستە ژێر هەژموون و کۆنترۆڵی خۆیەوە، هەرچۆنێکی ویستبا بەم شێوەیە ئاراستەی ئەم دەوڵەتەی دەکرد بە شێوازی جۆراوجۆر، بەڵام لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی گۆڕانی سیستەمی جیهانی شێوەی دەستتێوەردانەکانیش گۆڕانی بەسەرداهات هەروەک ئەوەی لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان ڕوویدەدا، دوابەدوای ڕوخانی یەکیەتی سۆڤیەت و گۆڕانی سیستەمی نێودەوڵەتی لە دوو جەمسەرییەوە بۆ تاک جەمسەری، ئەمریکا تاک لایەنە دەستتێوەردانی لە کاروباری دەوڵەتان دەکرد، بەتایبەت دوای ١١ی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ شێوەی دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا لە ڕێگای سەربازییەوە ئەنجام دەدرا، سەرەتا بۆ سەر ئەفغانستان و دواتر بۆ سەر عێراق، دوای لادانی تاڵیبان و ڕژێمەکەی سەدام حوسێن لەسەر حوکم دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا بەردەوامە تاوەکو ئێستاش.

دەستتێوەردان بریتییە لە دەستتێوەردانی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێک لەکاروباری نێوخۆیی یان دەرەکی دەوڵەتێکی تر بە ئامانجی ئەنجامدانی یان ڕێگرتن لەجێبەجێکردنی کارێکی دیاریکراو یان ملکەچ پێکردنی ئەم دەوڵەتە، دەوڵەتی دەستتێوەردەر لە ڕێگای دەسەڵاتەوە کاردەکات و ئیرادەی خۆی دەسەپێنێت بەسەر دەوڵەتی تر بە فشارە جۆراوجۆرەکانی وەک (فشاری ئابووری، فشاری سیاسی، فشاری سەربازی، فشاری دیپلۆماسی)، دەستتێوەردان زۆرجار لە ڕووی

سەربازیەوە ئەنجام دەدرێت، بە تایبەتی کاتێک دەوڵەتێک ڕووبەڕووی مەترسییەکی ڕاستەوخۆ دەبێتەوە وەک جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی کە پێویستی بە کاری بەهێز و خێرا هەیە کە هێزی سەربازی و نا سەربازی تێدا بەکاردەهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان، دەستتێوەردان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەستتێوەردانی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکە لەکاروباری دەوڵەتی تردا بۆ هێشتنەوە یان گۆڕینی سیستەمی زاڵ کە لەوانەیە یاسایی بێت یان نایاسایی، بەڵام کاتێک دێتە سەر سەربەخۆیی و خاک و سەروەری دەوڵەت ئەم جۆرە دەستتێوەردانە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی قەدەغەکراوە، چونکە یاساکە بۆ پاراستنی یەکە نێودەوڵەتیەکان دارێژراوە، دەستتێوەردان لەوانەیە لەسەر بنەمای ڕاست بێت یان بە پێچەوانەوە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا پەیوەندی بە سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەتەوە هەیە کە دەست لە کاروبار و سەروەرییەکانی ئەم دەوڵەتە وەردەدات[١].

یەکێک لە یاساناسە پێشەنگەکانی یاسای نێودەوڵەتی، سترۆبی ئەڵمانی دەڵێت: "دەستتێوەردان بریتییە لە دەستتێوەردانی دەوڵەتێک بۆ کاروباری نێوخۆیی یان دەرەکی دەوڵەتێکی تر، بەبێ ئەوەی بنەمای یاسایی جێبەجێ بکات دەوڵەت ملکەچی ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان بەئامانجی ناچارکردنی دەوڵەتی دەستتێوەردان کراو بۆ پەیڕەوکردنی ئەو شتەی کە دەیسەپێنێت بەسەریدا لەپەیوەندی لەگەڵ کاروبارەکانی خۆی یان دەوڵەتانی تر"، یاساناسی میسری دکتۆر غەنیمی دەڵێت: "دەستتێوەردان بریتییە لە دەستتێوەردانی دەوڵەتێک بەشێوەیەکی دەسەڵاتخوازانە ڕووبەڕووی کاروبارەکانی دەوڵەتێکی تر دەبێتەوە بۆ ئەوەی کاروبارەکانی ئێستا

١ - سعد حسين، مفهوم التدخل الدولي، مأخوذة من الموقع مؤسسة نودم الاعلامية، تأريخ زيارة ١٣-١-٢٠٢٢.

https://nudem.org/٢٠٢٠/٠٣/٠٦/

عەبدوڵڵامەی کتێب

بپارێزێت یان بگۆڕێت" هەروەها بیرمەندی فەڕەنسی شارڵ ڕۆسۆ بەم شێوەیە پێناسەی دەستتێوەردان دەکات و دەڵێت: "دەستتێوەردان بریتییە لە کرداری دەوڵەتێک کە لە ژێریدا دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتێکی تر دەکات بە ئامانجی ناچارکردنی بۆ جێبەجێکردنی یان جێبەجێنەکردنی کارێک، ئەوەش دەخاتەڕوو کە دەوڵەتی دەستتێوەردەر لەم حاڵەتەدا وەک دەسەڵاتێک کار دەکات و هەوڵ دەدات ئیرادەی خۆی بسەپێنێت لە ڕێگای فشارەوە وەک فشاری سیاسی، ئابووری، دەروونی، سەربازی"[٢].

دەستتێوەردان بە کردەیەك دەگوترێ کە دەوڵەتێك بە حەز و ئیرادەی خۆی و بەبێ هیچ بەڵگە و مافێکی یاسایی، دەوڵەتێکی سەربەخۆی دیکە ناچاردەکا لە کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆییدا پەیڕەو لە بۆچوونەکانی ئەم دەوڵەتە بکا[٣].

چەمکی دەستتێوەردان بریتییە لەم کردەوە سەرەکییەی کە کاریگەری لەسەر کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری هەیە، هەندێ لە توێژەران پێیان وایە بریتییە لەم کردەوەیەی بە زۆر ئەنجام دەدرێت، هەروەها پێیان وایە یارمەتیدانی ئابووری شێوازێکە بۆ کاریگەری خستنە سەر کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتێکی تر، وەک هاوکاری ئابووری ئەمریکا بۆ سلڤادۆر و هاوکاری ئابووری یەکێتی سۆڤیەت بۆ کوبا، هەروەها لە جەنگی ڤێتنام دا سەرەتای دەستتێوەردانی ئەمریکا لە ڕێگای هاوکاری ئابووری بوو دواتر هاوکاری سەربازیشی لەخۆگرت، جۆرێکی تری دەستتێوەردان هاوکاریکردنی هێزە بەرهەڵستکارەکانە وەک هاوکاری دارایی

٢- موسى سليمان موسى، مفهوم التدخل الدولي و صورة و مدى مشروعيته ، مأخوذة من الموقع المرجع الإلكتروني للمعلماتية، تأريخ زيارة ١٣-١-٢٠٢٢.
https://almerja.net/reading.php?idm=٨٣٨١٩

٣- غولامەرزا عەلی بابایی، و: زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارش، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٦، لاپەڕە: ٢٠٦.

ئەمریکا بۆ دژایەتی کردنی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەوکاتی چیلی (سلڤادۆر ئالندی)[٤].

لە چوارچێوەی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین دەستتێوەردان خاوەنی توخمی پێکهێنەر و شێوەی تایبەت بە خۆیەتی کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە بیانخەینە ڕوو، توخمە پێکهێنەرەکانی دەستتێوەردان ئەمانەی خوارەوەن[٥]:

**یەکەم:** کاتێک دەتوانین بە کردەوەی دەوڵەتێک بڵێین دەستتێوەردان کە لە چوارچێوەی کاریگەری خستنە سەر کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری ئەنجام بدرێت لە پێناو هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانجی تایبەت بە دەوڵەتی دەستتێوەردەر.

**دووەم:** دەستتێوەردان دەبێت بە ئارەزوو و ویستی دەوڵەتی دەستتێوەردەر ئەنجام بدرێت.

**سێیەم:** دەستتێوەردان دەبێت سەپاندنی حەز و ویست لەخۆبگرێت لەلایەن دەوڵەتی دەستتێوەردەر، ئەگەر هاتوو دەوڵەتێک تەنها پێشنیاز و بۆچوونی دەربڕی بۆ دەوڵەتێکی تر و ئازادی بکات لە بڕیاردان ئەوە بە دەستتێوەردان دانانرێت.

سەبارەت بە شێوەکانی دەستتێوەردان، یاساناسان دەستتێوەردانەکان دابەش دەکەن بەسەر چەند شێوەیەکدا، کە دکتۆر ئەلغەنیمی پێی وایە دەستتێوەردانەکان شێوەیەکی دەرەکی و نێوخۆیی و سزایی هەیە، هەندێکی دیکە شێوەی ئابووریشی بۆ زیاد دەکەن، کە بریتین لە[٦]:

---

٤- محەمەد ئیحسان، و: ئاسۆ کەریم-کەمەران مەنتک، ململانێیە نێودەوڵەتییەکان لە سەدەی بیستەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، لاپەڕە: ١٩٨.

٥- غولامەرزا عەلی بابایی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ٢٠٧.

٦- موسى سليمان موسى، المصدر السابق.

١- شێوەی دەرەکی: بریتییە لە دەستتێوەردانی دەوڵەتێک لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتێکی تر، وەک دەستتێوەردانی ئیتاڵیا لە جەنگی جیهانی دووەمدا شانبەشانی ئەڵمانیا لە دژی بەریتانیا.

٢- شێوەی نێوخۆیی: بریتییە لەوەی کەوا دەستتێوەردان جەخت لەسەر ئەو شتانە دەکاتەوە کە لە ناو دەوڵەتدا ڕوودەدەن، نوێنەرایەتی لە دەستتێوەردانی دەوڵەتێک دەکات لە بەرژەوەندی یەکێک لە لایەنە ناکۆکەکانی ناو دەوڵەت، وەک لە حاڵەتی شۆڕش.

٣- شێوەی سزایی: شێوەی سزایی لەلایەن دەوڵەتانەوە پیشان دەدرێت بۆ ئەو زیانانەی کە لەلایەن ئەم دەوڵەتەوە ئەنجام دراوە لە دەستتێوەردانی لە کاروباری دەوڵەتێکی تر.

٤- شێوەی ئابووری: شێوەی ئابووری جۆرێکە لە دەستتێوەردانی دەوڵەت لەسەر ئابووری دەوڵەتێکی تر.

دکتۆر عەلی سادق ئەبو هەیف دەستتێوەردانەکان دابەش دەکات بەسەر دەستتێوەردانی سیاسی و سەربازی، دەستتێوەردانی تاک لایەنە و کۆمەڵ و دەستتێوەردانی نهێنی[٧]:

أ- دەستتێوەردانی سیاسی و سەربازی: بریتییە لەو دەستتێوەردانەی کە بە شێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا یان بەشێوەیەکی نافەرمی و شاراوە ئەنجام دەدرێت، وە دەکرێت دەستتێوەردانەکە لەسەر داوای نووسراو یان زارەکی دەوڵەتەکە بێت، کە لەوانەیە ببێتە دەستتێوەردانی سەربازی یاخود هەڕەشە ئەگەر وەڵامی دەوڵەتەکە نەدرێتەوە.

ب- دەستتێوەردانی تاک لایەنە یان کۆمەڵ: دەکرێت دەستتێوەردان لەلایەن یەک دەوڵەتەوە بێت یاخود بە کۆمەڵ بێت، دەستتێوەردانی بەکۆمەڵ کاریگەری سووک و کەمتری هەیە لە دەستتێوەردانی تاک لایەنە چونکە خۆی گرەنتی بەرژەوەندی دەوڵەتی دەستتێوەردەر ناکات،

٧- موسى سليمان موسى، المصدر السابق.

هەولێرنامەی کتێب

هەروەها ماددەی ١٤ و ماددەی ٣٦ی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە دەکەن کە پێویستە ئەنجومەنی گشتی یان ئەنجومەنی ئاسایش پێشنیاری ئەوە بکەن کە هەریەکەیان ڕێوشوێنێک بگرنەبەر کە گونجاو بێت بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر کێشەیەک و زیان نەگەیەنن بە خۆشگوزەرانی گشتی یان پەیوەندی دۆستانە.

ج- دەستتێوەردانی نهێنی: دەوڵەتێک زۆرجار دەست لە کاروباری یەکێکی تر وەردەدات و دەستتێوەردانی نادیار و نهێنی دەکات و دەستتێوەردانی شاراوەش زۆرجار کاریگەری خراپ و زیانبەخشی هەیە چونکە بە بێ دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی تێوەگلاو ڕوودەدات، بە پێچەوانەی دەستتێوەردانی ڕێگاپێدراو و ئاشکرا.

لەکۆتاییدا دەگەین بەوەی چەمکی دەستتێوەردان مێژوویەکی کۆن و دوور و درێژی هەیە، یەکێکە لە پڕ مشتومڕترین زاراوەکانی سەردەمی ئێمە، بەتایبەتی کە ئێستا بە نزیکەیی لە هەموو ئەو ڕووداوە سیاسیانەدا بەکاردێت کە ڕوودەدەن جگە لەمەش شێوەی جۆراوجۆر و توخمی تایبەتی وەرگرتووە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەی کە دەوڵەتی دەستتێوەردەر هەیەتی بۆیە دەتوانین بڵێین هەر کردەوەیەک ئەم توخم و شێوانە لە خۆ نەگرێت بە دەستتێوەردان هەژمار ناکرێت، هەروەک لە باسی ئەم چەمکە ئاماژەمان پێی کردووە، کەواتە دەستتێوەردان بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێوشوێن لەلایەن دەوڵەتێک دەگیرێتەبەر بەرامبەر دەوڵەتێکی تر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بەبێ لەبەرچاو گرتنی پێگەی دەوڵەتی دەستتێوەردراو و یاسا نێودەوڵەتییەکان.

هەولاتەی کتیب

## باسی دووەم

## چەمکی سەروەری و چوارچێوەی تیۆری(سەروەری)

مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی سەروەری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەم، واتە لەگەڵ هاتنە ئارای دەوڵەتی مۆدێرن لە ئەوروپا، سەدەکانی ناوەڕاست بارودۆخێکی لەبار نەبووە بۆ هاتنە ئاراوەی چەمکی سەروەری، لە کۆمەڵگایەکی وادا دەرفەتی ئەوە نەدەدرا بیر لە سەروەری سیاسی بکرێتەوە، بەڵام دوابەدوای کۆتایی هاتنی سیستەمی دەرەبەگایەتی کە پاشاکان جێگای کەنیسەی کاسۆلیک و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیان گرتەوە ئیتر سەردەمێکی نوێ لە ئەوروپا هاتە بوون، لەم قۆناغەدا ئەوروپیەکان بەتوندی مێژووی خۆیان خستە بەر ڕەخنە، لەکاتی پێداچوونەوە بە هزر و فەرهەنگ و بیرە ئاینییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بیرمەندان و ڕۆشنبیران وایان لێ هات سەدەکانی ناوەڕاست بە سەردەمی تاریکی ناو ببەن، ئەوروپای ڕۆژئاوا بە خێرایی بەرەو پێش دەچوو هەر لەم قۆناغەدا بیرمەندان هەوڵیاندا ئاوڕێکی تەواو لە کلتوور و فەلسەفەی یۆنان و ڕۆم بدەنەوە بە پێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاست کە بەهۆی دوژمنایەتی کڵێساوە فەرامۆش کرابوو جارێکی تر لە سەردەمی نوێ ڕۆحی بەبەردا کرایەوە[8].

سەروەری یەکێکە لە ڕەگەزەکانی پێکهێنانی دەوڵەت و جیای دەکاتەوە لە هەموو کەسایەتیەکانی تر، هەر بۆیە دەوڵەت بێ بوونی سەروەری نابێت و خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهایە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتەکە هیچ سنوورێکی یاسایی نییە لە ڕووی یاساوە، دەکرێت دەوڵەت هەندێک لە بەشەکانی خۆی بە لایەنی تر بسپێرێت لە هەمان کاتیش حوکمڕانی خۆی بپارێزێت، بەم پێیە دەوڵەت لەسەر ئاستی

---

٨- ئەیوب ئەیوب زادە، چەمکی سەروەری و مەسەلەی دەخالەتی مرۆڤدۆستانە، ماڵپەڕی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، بۆکان، ٢٠١١، لاپەڕە: ٤.

نێوخۆیی و دەرەکی پیادە لە سەروەرییەکەی دەکات لە نێوخۆ دەوڵەت خاوەنی دەسەڵاتێکی رەهایە لە جێبەجێکردنی ئەوەی کە دیاریکردووە بە پێی یاساکان هەر خۆشی پیادە لە یاساکان دەکات، لە دەرەوەش دەبێت دەوڵەت ئازاد بێت و نەکەوێتە ژێر هەژموونی دەوڵەتی تر[٩].

شارەزایانی بواری یاسا پێیانوایە گەیشتن بە پێناسەیەکی گشتی و دیاریکراو بۆ چەمکی سەروەری کارێکی قورس و ئەستەمە بەو پێیەی بیرۆکەی سەروەری تا رادەیەک نوێیە، چونکە بەم مانا و تێگەیشتنەی ئێستا هەیەتی تا سەدەی شازدە نامۆ و نەناسراو بوو، ئەم بیرۆکەیە لە سەرەتادا داوای بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی دەکرد لە بەرامبەر فیوداڵەکان لە نێوخۆ و دەربازبوون لە دەسەڵاتی کەنیسە و ئیمپڕاتۆریەتی رۆمانی لە دەرەوەدا، چەمکی سەروەری دەوڵەت لە دید و روانینە جیاوازەکانەوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، جان بودان (١٥٢٠-١٦٥٢ز) کە بە دامەزرێنەری بیرۆکەی سەروەری دادەنرێت، بەم شێوەیە پێناسەی سەروەری کردووە: "سەروەری بریتییە لە دەسەڵاتی باڵا و رەها بەسەر خەڵک و هاودەوڵەتیاندا یاسا سنووری بۆ دیاری ناکات"، هەروەها گرۆسیۆس گرینگی بە لایەنی دەرەکی سەروەری دەدات و بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: "دەسەڵاتێکی سیاسی باڵایە کە لە دەستی کەسێکدا کۆدەبێتەوە و هیچ ویستێکی مرۆیی ناتوانێت کارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە" هەروەها بیرمەندی پۆڵۆنیایی بیریزوفسکی بەم شێوەیە پێناسەی سەروەری کردووە: "سەروەری بریتییە لەو دەسەڵاتە باڵایەی دەوڵەت کە ملکەچ و پاشکۆی هیچ دەسەڵاتێکی ترنییە" بەڵام فیردروس لەگەڵ ئەو دیدانە نییە کە بە شێوەیەکی رەها لە سەروەری دەروانن و بەم شێوەیە پێناسەی سەروەری کردووە: "گوزارشت کردنە لە کۆمەڵێک

٩- عەبدولرەحمان عالم، و: دلاوەر عەبدوڵلا – محەمەد کەریم، بنەماکانی زانستە سیاسییەکان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، لاپەرە: ٢٩٦.

پسپۆڕێتی کە یاسای نێودەوڵەتی گشتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە دەوڵەتانی دەبەخشێ"[١٠].

مانای وایە دەوڵەت لە ڕووی یاساییەوە سەربەخۆیە و لە دەرەوەی هەژموون و کۆنترۆڵی هەموو دەوڵەتێکی تردایە، لەبەر ئەوە دەوڵەت دەستەیەکی ڕێکخراوە و خاوەنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە ڕێگایەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر تاکەکانی دەسەپێنێت و سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت، مادام دەوڵەت لە نێوخۆدا خاوەنی دەسەڵاتی باڵایە ئەوا دەسەڵاتی یاسایی دەوڵەت باڵ بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا دەکێشێت کە لە نێو سنووری دەوڵەتەکەدا دەژین، تەنها ئەوانە نەبێت کە بەهۆی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی یان بە پێی ڕێککەوتنی تایبەت بەدەردەبن لەم دەسەڵاتە، دەوڵەت تاکەکانی ئازاد کردووە کە بە هەندێک لە کارەکانی خۆیان هەستن بە بێ هیچ دەستتێوەردانێکی دەوڵەت نەک لەبەر ئەوەی کە ناتوانێت دەستتێوەردان بکات بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو دەستتێوەردانە بە گونجاو نازانێت، سەروەری دەرەکی دەوڵەتیش بە مانای سەربەخۆیی دێت لە هەر دەسەڵاتێکی دەرەکی یان دەوڵەتێکی تر بەسەر دەوڵەتدا[١١].

بە شێوەیەکی گشتی سەروەری بریتییە لە هێزی باڵای بڕیاردان و داڕشتنی یاسا و جێبەجێکردنی بڕیارەکان لەلایەن حکومەتی دەوڵەتێکەوە و سەروەری دەوڵەت لەناو سنووری ئەو دەوڵەتەدا جێبەجێ دەکرێت، سیستەمی دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێک کە لە تاکەکەس یان دەستەیەکی بەڕێوەبەر پێک دێت بەرزترین دەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی دەوڵەتە دەتوانێت بڕیارەکانی پراکتیزە بکات[١٢].

---

١٠- عوسمان حەسەن شاکر، جیهانگیری و کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت، چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١، لاپەڕە: ١٠.

١١- ڕایمۆند گارفیل گیتیل، و: فاضل زکی محمد، زانستە سیاسییەکان، ناوەندی فێربوون، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٩، لاپەڕە: ٣٦.

١٢- غولامەرزا عەلی بابایی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە: ٢٣٧.

لە چوارچێوەی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین سەروەری خاوەنی تایبەتمەندی و چوارچێوەی تیۆری تایبەت بە خۆیەتی کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە بیانخەینە ڕوو، تایبەتمەندییەکان ئەمانەی خوارەوەن[١٣]:

١- ڕەهایی: بەو واتایەی دەوڵەت خاوەنی هێزێکی باڵایە و هیچ هێزێکی تری یاسایی لە سەرووی ئەوەوە نییە و هیچ سنورێکی یاسایی بوونی نییە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان کە دەوڵەت خاوەنیەتی.

٢- گشتییەتی: واتە دەوڵەت کۆنترۆڵی تەواوی هەیە بەسەر هادەوڵەتییەکانی و کۆی ڕێکخراوەکان کە لە سنووری دەوڵەتەکەدان.

٣- بەردەوامی: مانەوەی سەروەری دەوڵەت واتە مانەوەی خودی دەوڵەت کەواتە سەروەری دەوڵەت دەمێنێتەوە بە نەمانی دەوڵەتیش بوونی نامێنێت، یاخود کەم و کوڕی دەبێت بەهۆی لاوازی دەوڵەت.

٤- سەروەری دابەش ناکرێت: بەو واتایەی جگە لە سەروەری دەوڵەت نابێت هیچ سەروەرییەکی تر بوونی هەبێت چونکە دابەش کردنی سەروەری واتە بێهێزکردنی دەوڵەت.

سەبارەت بە تیۆرەکانی سەروەری، دوای لەناوچوونی کڵێسای کاسۆلیک و سیستەمی فیوداڵی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و دابەشبوونی بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ، پاش ئەم گۆڕانکاریانە بیرۆکەی سەروەری وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت لێی دەڕوانرا، کە هیچ دەسەڵاتێک نەیدەتوانی سنوور بۆ دەوڵەت دابنێ و ببێتە لەمپەر لەبەردەمیدا، بەڵام دوایی کۆمەڵێک ڕەخنە ئاراستەی ئەم تیۆرە کرا، بیرۆکەی سەروەری گۆڕا لە سەروەری ڕەهاوە بۆ سەروەری کۆتکراو، بیرۆکەی سەروەری لە سەردەمی نوێدا بە کۆمەڵێک قۆناغدا تێپەڕیوە،

---

١٣- رایمۆند گارفیل گیتیل، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە:١٤٦.

بەڵام کۆی تێڕوانینەکان لە دوو تیۆری بنەڕەتیدا کورت دەبنەوە کە بریتین لە[14]:

**١- تیۆری سەروەری ڕەها:**

ئەم تیۆرە بۆ ئەم بیرۆکانە دەگەڕێتەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باڵادەست بوو، وەک دەسەڵاتێک سەیری سەروەری دەکرا کە خودا بەخشیویەتی، لە ئەنجامدا ئەم تێڕوانینە سەریهەڵدا، ئەمەش وایکرد سەروەری ڕەها و بێسنووربێت و بێ بە سەرچاوەی یاسادانان و پابەندبوون، ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەوڵەت ئازادی تەواوی هەیە لە ئیدارەدانی کاروباری نێوخۆیی و دەرەوەدا بەبێ پابەندبوون بە هیچ دەسەڵاتێکی باڵاتر لەخۆی، هەر لەبەر ئەمە وەک شتێکی پیرۆز سەیری سەروەری دەکرا، لایەنگرانی ئەم تیۆرە وەها سەیری سەروەری ڕاهای دەوڵەت دەکەن کە بنەمایەکی سەرەکی دارشتنی یاسای نێودەوڵەتییە، شایانی باسیشە ئەم تیۆرە ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بووەتەوە کەوا دەبێتە هۆی درووستبوونی ئاژاوەی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی دەوڵەت ئازادی تەواوی هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی دەوڵەتانی تر، ئەڵمانیا ئەم تیۆرەی کردە پاساو بۆ داگیرکردن و هەڵگیرسانی جەنگ دژی دەوڵەتانی دەوروبەری.

**٢- سەروەری کۆتکراو:**

یاساناسانی نێودەوڵەتی پێیانوایە پێویستە سەروەری دەوڵەت کۆت بکرێت بەهۆی ئەو پێشکەوتنە نێودەوڵەتییانەی کە ڕوویانداوە، لە دیارترین ئەو بیرمەندانەی کە داوای کۆت کردنی سەروەری دەوڵەتیان کردووە بیرمەندی فەرەنسی (پیلی) ە، ئەو پێی وایە بنەمای یاسای نێودەوڵەتی خۆی لە ڕێزگرتنی ئەو مافانەدا دەبینێتەوە کە هەر دەوڵەتێک لە چوارچێوەی ئەندامانی نێودەوڵەتی لێی بەهرەمەندن، بە پێی ئەم

١٤- عوسمان حەسەن شاکر، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە:١٧.

هەولێر کتێب

تێڕوانینە هەر دەوڵەتێک ئەم مافە بنەڕەتیانەی هەیە: مافی مانەوە، مافی یەکسان بوون لەگەڵ دەوڵەتانی تر، مافی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، مافی ڕێزگرتن لە سەروەری، بەم پێیە هەر دەوڵەتێک پێویستە ڕێز لە مافی دەوڵەتانی تر بگرێت، ئامانج لە کۆت کردنی سەروەری هەندێک لە دەوڵەتان بەهۆی کار و هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەیانە بەرامبەر بە هادەوڵەتیان و دەوڵەتان، چونکە دەبنە هۆی مەترسی بۆ سەر هێمنی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سەروەری دەوڵەت بریتییە لە دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت و کۆنترۆڵ کردن و پاراستنی سنووری دەوڵەتەکە لە نێوخۆ و دەرەوەدا، کەواتە سەروەری دەوڵەت لە دوو ئاستدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش لەسەر ئاستی دەرەوە و ئاستی نێوخۆدا، لەسەر ئاستی دەرەوەدا ئازادە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەیدا، لە بەستنی پەیمان و ڕێککەوتننامەکان، چوونە ناو جەنگ یان بێلایەن بوونی، لە ئاستی ناوەخۆشدا هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت ململانێی دەسەڵاتی دەوڵەت بکات بە واتایەکی تر خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهایە لە ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەت، سەروەری و دەوڵەت پەیوەستن بە یەکتر بە لاوازی دەوڵەت سەروەریەکەشی کەم و کوڕی تێدە کەوێت.

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم
## هۆکارەکانی دەستتێوەردانی دەرەکی لە عێراق

لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ٢٦ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٩١ و گۆڕانی سیستەمی جیهانی لە دوو جەمسەرییەوە بۆ تاک جەمسەری بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جیهان بە گۆڕانکاری گەورەدا تێپەڕی لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و سروشتی ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان دەوڵەتاندا بوونی هەبوو، عێراقیش بەدەرنەبوو لەو گۆڕانە جیهانییە و بوو بە سەنتەرێکی یەکلایی کردنەوەی ململانێی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و جێبەجێ کردنی ئەجێنداکانیان و گۆڕینی سیستەمە سیاسییەکەی پێش ٢٠٠٣ بە هۆکار و بیانووی جۆراوجۆر بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەو بەرژەوەندیانەی کە هەیانبوو لەم دەوڵەتە.

# باسی یەکەم

# هۆکارە نێوخۆییەکانی دەستتێوەردانی دەرەکی لە عێراق

ئەم دەستتێوەردانانەی کە لە عێراق دەکرێت پاشخانێکی مێژوویی هەیە، بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە هەر لە داگیرکاری مەغۆلەکانەوە بگرە تاوەکو ئەم ململانێ و ناکۆکیانەی کە لە نێوان عوسمانی و سەفەویەکان هەبووە بەهۆی ئەم پێگە جوگرافیە گرینگەی عێراق هەیەتی وەک ئەڵقەی گەیاندن لە نێوان ئاسیا و دەوڵەتانی عەرەبی، ئەم سەروەت و سامانەشی کە هەیەتی، لە سەردەمی نوێشدا دوای ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشکردنی لە نێوان زلهێزەکانی ئەم کاتە (بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیای قەیسەری) لە ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ - ١٩٢١ دەوڵەتی نوێی عێراق دامەزرا کە لە ویلایەتی بەغدا و بەسرە پێکهاتبوو، دوای ڕێککەوتننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ ویلایەتی موسڵیش (کوردستانی باشور) خرایە سەر دەوڵەتی نوێی عێراق و چەندین نەتەوەی جیاواز لە ڕووی زمان و مێژوو و کلتوور و ئاین لەم سنوورە جوگرافییە نوێیە بەیەکەوە بەسترانەوە، کە بەردەوام لە ململانێدا بوونە هەر ئەم هۆکارانەش ڕێگا خۆشکەر بوونە بۆ دەستتێوەردانی دەوڵەتان لە عێراق کە هەر لایەنێک دەیەوێت پاڵپشتی دەرەکی دەستەبەر بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

عێراق پێکهاتەیەکی دەستووری لاوازە بەهۆی ئەو جەنگ وقەیرانانەی ڕووبەڕووی بووەتەوە کە لەگەڵ پێویستییەکانی بوونی دەوڵەتدا ناگونجێت، کە لە ئاکامدا سیستەمێکی سیاسی شکستخواردووی لێهاتووەتە ئاراوە نەیتوانیوە نوێنەرایەتی بکات وەک دەوڵەت کە نۆ دەیە قەیرانی چارەسەرنەکراوی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، بەتایبەتی قەیرانەکانی دوو دەیەی ڕابردوو دوای ساڵی ٢٠٠٣ بووەتە هۆی دابەشکردنی عێراق نەوەک سەقامگیرکردنی، هەرچەندە بەریتانیا ڕۆڵی

سەرەکی هەبوو لە دروستکردن و بنیاتنانی دەوڵەتی عێراق و دانانی سیستەمی پاشایەتی بۆی بەڵام عێراق بە ناسەقامگیری و ناکۆکیەکانی ناسراوە هەرچەندە لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنیدا پێشەنگ بووە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە[١٥].

سەرەتای دەستتێوەردانی دەرەکی لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێرشەی کە سەرکردایەتی عێراق کردیە سەر دەوڵەتی کوێت لە ١٩٩٠/٨/٢ توانی داگیری بکات و بە پارێزگای نۆزدەیەمی عێراقی ناساند، ئەم داگیرکارییەی کوێت لەلایەن عێراق کاردانەوەیەکی گەورەی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا ئەوەبوو لە ١٩٩٠/٨/١٦ ئابڵووقەی ئابووری بەسەردا سەپێندرا، ئەمەش کاریگەری نەرێنی خستە سەر عێراق چونکە خۆی کۆمەڵێک ئابڵوقەی نێوخۆیی و هەرێمی خستبووە سەر خۆی کە ئابووری عێراق پشتی دەبەست بە کوشتوکاڵ و پیشەسازی کە بە دەستی خۆی وێرانی کردبوون، وە بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بە بازرگانی نەوتیشەوە بەهۆی ئابڵوقەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمیش وێران بوو، دوابەدوای ئەم ڕوداوانە لە ١٩٩١/٢/١٥ مۆڵەتی یاسایی نێودەوڵەتی درا بە ئەمریکا و هاوپەیمانان، ئەوەبوو لە ١٧-١٩٩١/٣/١٨ هاوپەیمانان کە پێکهاتبوون لە ٣١ دەوڵەت هێرشی چڕ و پڕیان کردە سەر هێزی عێراق بە تووندی تووشی شکستیان کرد، لێرەوە دەستپێکی دەستتێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەستی پێکرد بەهۆی هەڵە کوشندەکانی سەرکردەکانی عێراق[١٦].

---

١٥- تمارا كاظم الأسدي، إشكاليات بناء الدولة العراقية، مأخوذة من المركز الديمقراطي العربي، تأريخ زيارة ١٧-٣-٢٠٢٢.

https://democraticac.de/?p=٧٣٠٤٠

١٦- مسعود عبدالخالق محمد امين، مەوسوعەی جودی، نوسینگەی تەفسیر، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٥، لاپەڕە: ٦٣٣.

لێرەوە دەکرێت ئاماژە بە کۆمەڵێک خاڵ بکەین کە ڕێگا خۆشکەر بووە لەبەردەم دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆ دەستتێوەردان لە عێراق بە مانایەکی تر هۆکارن بۆ ناسەقامگیری بە شێوەیەکی گشتی و لە پرۆسەی سیاسی بەتایبەتی، ئەمەش بۆشایی دروست دەکات و بوار دەدات بە دەوڵەتان بۆ دەستتێوەردان و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانیان کە بریتین لەمانە[١٧]:

١- پرەنسیپی تەوافق: گەر بڕوانینە مێژووی عێراق تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس دەسەڵات لەلایەن سوونەکانەوە قۆرخ کرابوو ئەمەش ببووە هۆی پەراوێز خستنی پێکهاتەکانی تری عێراق وەک (کورد و شیعە) هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو لە دارشتنی بڕیاری سیاسی، تەنانەت ڕووبەڕووی سیاسەتی شۆڤینانە و کوشتن و لەناوبردن بوونەوە، بۆیەش لەدوای ئازادکردنی عێراق و دەسەڵات کەوتنە دەست شیعە تێڕوانینی نوێ بۆ عێراق هاتە ئاراوە سەبارەت بە کۆتایی هاتنی سیستەمی تاک حیزبی و گرینگیدان بە مەسەلەی تەوافق، بەڵام ئەمەش لەژێر سایە و سێبەری هەریەک لە ئێران و ئەمریکا و چەندین دەوڵەتی تر بووە هەڵبەتە هیچ گۆڕانکارییەک ئەنجام نەدەدرا ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەماندا نەگونجابا.

٢- مەسەلەی زۆرینە و کەمینە: مەسەلەی زۆرینە و کەمینە بە یەکێک لە بابەتە گرینگەکان دادەنرێت لە عێراق، چونکە لە ڕێگای زۆرینەوە دەکرێت دەسەڵات کۆنترۆڵ بکرێت هەروەک دەبینین لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دەسەڵات لەدەست شیعەکان بووە، مەترسی

---

١٧- خەلیل عەبدوڵڵا، عێراق لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، ماڵپەری کتێبخانەی کوردی ئەوین، ٢٠٠٥، لاپەڕە: ٨٢-٩٩.

ئەوە دەکرێت دوبارە پێکهاتەکانی تری عێراق پەراوێز بخرێن و هیچ ڕۆڵێکیان نەبێت لە دارشتنی بریارە سیاسییەکان.

٣- مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان: عێراق چەندین ڕێککەوتننامەی سەبارەت بە پرسەکانی مافی مرۆڤ ئەنجام داوە، هەر بۆیە بەرپرسیارەتی نێودەوڵەتی لە ئەستۆدایە ئەم ڕێککەوتنامانەش وەک یاسایەکی نێوخۆیی لێی دەڕوانرێت سەرپێچی کردنی ئەم یاسایانە لێپرساوی نێودەوڵەتی درووست دەکات، بەڵام عێراق ڕێزی ئەم ڕێککەوتنامانەی نەگرتووە و چەندەها کاری قێزەون و نامرۆڤانەی ئەنجام داوە، وەک ئەنجامدانی ئەنفال لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ بەرامبەر گەلی کورد وە تەنانەت ئەنجامدانی چەندین تاوانی تر بەرامبەر شیعەکانی عێراق، لە دوای لەناوچونی ڕژێمی بەعس و دەسەڵات گرتنەدەست لەلایەن شیعەکانەوە ئەم ماف خواردنە بەردەوامە بە شێوازێکی جیاواز وەک پرسی نەدانی بودجە و پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان و پرسی نەوت و نەبوونی خزمەتگوزاری.

٤- بارودۆخی ئابووری: سامانی ئابووری و زۆربوونی ئامرازەکانی ژیانێکی ئاسوودە دەستەبەرکردنی ئەم ئامرازانە لەوانەیە یەکێک بێت لە هۆکارەکانی سەقامگیری دەوڵەت، عێراق بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆری سەر زەوی و ژێر زەویە کە زۆربەی زەویەکانی بۆ کوشتوکاڵ و ئاودێری گونجاون، گرینگی ئابووری عێراق بە دۆزینەوەی نەوت لە سەدەی نۆزدەیەم زیادی کرد بە پێی ئامارەکان سێیەم گەورەترین یەدەگی نەوت لە دوای سعودیە و ئێران لە عێراقە بەڵام ئەم سەروەت و سامانە نەخراوەتە خزمەتی هادەوڵەتیانەوە و لە خێر و بێرەکەی بێبەشن[١٨].

١٨- اسعد سليمان، العراق: جذور الصراعات الداخلية، مأخوذة من الموقع المعهد المصري للدراسات، تأريخ زيارة ٢١-٣-٢٠٢٢.

https://eipss-eg.org/العراق-جذور-الصراعات-الداخلية/

٥- ململانێی تایفی: دوای تێپەڕبوونی نزیكەی بیست ساڵ بەسەر ڕوخانی ڕژێمی بەعس ململانێ لە نێوان شیعە و سونە و كورد بەردەوام هەڕەشە لە سەقامگیری عێراق دەكات بەهۆی شكستهێنانی نوخبەی سیاسی لە گەشەپێدانی سیستەمێكی گشتگیر بەتایبەتی ئەو دابەشبوونە نێوخۆییەی دوای بەهاری عەرەبی و ڕاپەڕینی سوونەكان دژ بە ڕژێمی سوریا كە بووە هۆی بەهێزتربوونی تایفیەت، كە ئەمەش بووەتە هۆی كارئاسانی بۆ دەوڵەتانی دەستتێوەردەر و فراوانكردنی مەودای دەستتێوەردانیان، هەروەها نەبوونی دەسەلاتێكی بەهێز و یەكگرتوو، ئەمەش بۆ كۆمەڵێك هۆكار دەگەڕێتەوە كە بریتییە لە[١٩]:

أ- ڕێگاكانی بنیاتنانی نەتەوەكانی عێراق زیاتر تیشكی خستووەتە سەر درووستكردنی نوێنەرایەتی تایفی وەك لەوەی بەسەر تایفیەتدا زاڵ بێت.

ب- تایفەگەری لە یاسا و كردارەكانی پرۆسەی سیاسیدا ڕەنگیداوەتەوە بەجۆرێك شیعەكان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر دامودەزگاكانی دەوڵەتدا هەیە لە كاتێكدا دامودەزگاكان بوونەتە دەستە دەستە بۆ یەكلایی كردنەوەی پلە و پایە.

ج- سونەكان هەست بە پەراوێز خستیان دەكەن و تەوژمی توندوتیژی بەهێز دەكەن و زەمینەیەكی نموونەیی دەدەن بە گرووپە توندڕەوەكان.

د- سەركردەكانی شیعە و سونە زیاتر جەختیان كردووەتە سەر قووڵ كردنی ئەو كەلێنە تایفیەی وەها كە هەیە، نەوەك كەمكردنی بگرە دابەشبوونەكانی نێوان شیعە و سونەیان قووڵتر كردووەتەوە.

لێرەدا دەكرێت ئاماژە بە كۆمەڵێك خاڵی تر بكەین كە بریتیین لە[٢٠]:

عەوالەمی كتێب

---

١٩- حارث حسين، الازمة الأزمة في العراق: إرث من الإقصاء، مأخوذة من الموقع مركز المالكوم كير-كارنيغي للشرق الاوسط، تأريخ زيارة ٢١-٣-٢٠٢٢.
https://carnegie-mec.org/٢٠١٤/٠٤/٢٣/ar-pub-٥٥٤٠٥

٢٠- كارۆخ خۆشناو، بۆچی دۆخی عێراق سەقامگیر نابێت؟، وەرگیراوە لە ماڵپەری پەیسەر پرێس، لە بەرواری ٢١-٣-٢٠٢٢.
https://www.peyserpress.com/wtardetail/١٠٠٦

١- جێبەجێنەکردنی دەستوور: پەراوێز خستن و جێبەجێنەکردنی دەستووری عێراق لەلایەن هەموو سەرۆک وەزیرانەکانی عێراق لە ئەیاد عەلاویەوە بگرە تا مستەفا کازمی، تاوەکوو ئێستا لە کۆی ١٤٤ ماددە نزیکەی ٥٤ ماددەیان جێبەجێ نەکردووە تەنها ئەو ماددانەیان جێبەجێ کردووە کە لە بەرژەوەندی خۆیان بووە ئەمەش یەکێک بووە لە هۆکارەکانی ناسەقامگیری زیاتری عێراق.

٢- بوونی میلیشیا: هەبوونی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بوونەتە هۆی ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق، لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا ئەجێندای دەرەکی جێبەجێ دەکەن و بەشێکن لە سوپای عێراق بە یاسا هەروەها بەردەوام هەرەشەن لەسەر هادەوڵەتیان و دامودەزگاکانی دەوڵەت.

لە کۆتییدا دەتوانین بڵێین هۆکاری نێوخۆیی ئەم دەستتێوەردانانەی کە لە عێراق ئەنجام دەدرێت هۆکارەکەی بۆ ئەو نوخبە سیاسییە دەگەڕێتەوە کە حوکمی عێراقی کردووە، بە پێنەدانی مافی کۆی پێکاهاتەکانی تری عێراق و نەدانی دەرفەت پێیان لە داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەت و بە هەدەردانی ئەو سەروەتە زۆرەی کە عێراق هەیەتی و نەیخستووەتە خزمەت هادەوڵەتیان و پێکهاتەکانی عێراق، هەر ئەمەش بووەتە هۆی درووستکردنی جۆرێک لە دەمارگیری لە نێوخۆی عێراق، ئەمەش وای کردووە دەرفەتی دەستتێوەردان درووست ببێت بۆ دەوڵەتان تاوەکوو پشتگیری لایەنێک لە پێکهاتەکانی عێراق بکات و بواری بەردەمی فراوان بێت لەم دەستتێوەردانانەی کە دەیکات.

هەواڵنامەی کتێب

# باسی دووەم

# هۆکارە دەرەکییەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لە عێراق

لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە عێراق بووە بە گۆرەپانی ململانێی دەولەتانی هەرێمی و نێودەولەتی بەتایبەتی ئەمریکا و ئێران، بە جۆرێک هەر دەولەتێک دەیەوێت ئامانج و ئەجێنداکانی خۆی لەم دەولەتە بهێنێتە دی، ئەمەش بووەتە هۆی ناسەقامگیرکردنی عێراق و شکاندنی سەروەریەکەی، تەنانەت وای لێهاتووە زۆرجار عێراق بە دەولەتێکی بێ سەروەری و گۆرپانی ململانێکان و یەکلاییکردنەوەی کێشەکان ناوی دەهێنرێت، بۆیە دەمانەوێت لەم باسەدا هۆکارە دەرەکییەکانی دەستێوەردانی دەرەکی و ئامانج و ئەجێنداکانی ئەم دەولەتانە بخەینە بەر باس ولێکۆلینەوە.

### یەکەم: دەستێوەردانەکانی ئێران لە عێراق:

دوای هەلوەشاندنەوەی رژێمی بەعس لە عێراق لە سالّی ٢٠٠٣ ئێران توانی بارودۆخی عێراق لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە و کاریگەری خۆی لەسەر عێراق دروستبکات وەک دیارترین یاریزان بەدیارکەوت لە گۆرەپانی عێراقدا، تەنانەت زۆرکات رۆلّی ئێران لە خودی ئەمریکاش بەهێزتر بووە، هەرچەندە لە رابردووشدا ئالۆزی و ململانێ لە نێوان ئەم دوو دەولەتە هەبووە لە سەردەمی رژێمی بەعس و لەگەل هاتنی سەدام حوسێن بۆسەر هەرەمی دەسەلات، ئەم بارگرژی و ململانێیە عێراق و ئێرانی خستە شەرێکی خوێناوی هەشت سالّە بە زەرەر و زیانێکی ئێجگار زۆر بۆ هەردوولا کۆتایی هات، دوای هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان ئێران تووشی ترس و دلەراوکێ بوو بەهۆی گەمارۆدرانی لە رۆژهەلاتەوە لە رۆژئاواش رژێمەکەی سەدام حوسێن، لەم نێوەندەدا هەلوێستی ئێران نزیک بوو لە بێلایەنی، دوای هێرشی ئەمریکا بۆسەر رژێمەکەی سەدام

دەرگاکان بەڕووی ئێراندا کرانەوە هەربۆیە ئەمریکا بە پاڵپشتیکەری تواناکانی ئێران ناوی دەبردرێت بەهۆی لەناوبردنی نەیارەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەم دەوڵەتە[٢١].

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق دوای ڕژێمی بەعس گۆرانی زۆری بەسەرداهات، بە شێوەیەک ئێران وایکرد عێراق بکاتە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕێگای بەدەستهێنانی پشتگیری لەعێراق، ئەمەش ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ کە زۆرینە شیعە بوون و پەروەردەی دەستی ئێران بوون تەنانەت ئامادەیشی نیشاندا لە دووبارە بنیاتنانەوەی سوپای عێراق، هەڵبەتە ئەمریکا نیگەران بوو بەو پەیوەندییانەی عێراق و ئێران، چەندین جار گوشاری خستە سەر حوکمەتی عێراق بەڵام هەوڵەکانی بێ ئاکام بوو لەئەنجامدا ئێران توانی لە زۆر ئاستدا هەژموونی خۆی بەسەر عێراقدا بسەپێنێت کە بریتیین لە[٢٢]:

١- هەژموونی سیاسی: ئێران لە ڕێگای بەکارهێنانی کارتی زۆرینەوە بووەتە یاریکەرێکی سەرەکی لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق و هەژموونی تەواوی بەسەر ناوەندەکانی پرۆسەی دەرکردنی بڕیار سەپاندووە، تانانەت لە بەرژەوەندی خۆی دەستتێوەردان دەکات لە پرۆسەی سیاسی و گیروگرفتە نێوخۆییەکان و پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

٢- هەژموونی ئابووری: ئێران کۆنترۆڵی ئابووری عێراقی کردووە بە جۆرێک یەکێکە لە سودمەندە سەرەکییەکان لە عێراق، تەنانەت لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٦ داهاتی بازرگانی ئێران لە عێراق ١٣ ملیار

---

٢١- صلاح عبد اللطيف، التدخل الإيراني في العراق: التاريخ والواقع والمستقبل، مأخوذة من الموقع إضاءات، تأريخ زيارة ٢٢-٣-٢٠٢٢.
https://www.ida٢at.com/iranian-interference-in-iraq-history-and-the/

٢٢- هاوکار ڕەفیق، سروشتی پەیوەندییەکانی(ئێران – سعودیە - عێراق) لە چوار دەیەی ڕابردوودا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، کانوونی دووەمی ٢٠١٨، لاپەڕە: ٦-٧.

هەواڵنامەی کتێب

دۆلار بووە، هەربۆیە ئێران بەتەواوی پشتی بەستووە بە بازاری عێراق بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی.

٣- هەژموونی سەربازی: دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١ چەندین گرووپی چەکداری لە عێراق سەریهەڵدا بە پیشتیوانی ئێران، کە زۆرینەی ئەو گرووپە چەکداریانە لەلایەن فەیلەقی قودسی ئێرانەوە ڕاهێنانیان پێ دەکرا بەتایبەتیش دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش پیشتیوانی تەواویان لێ کرا، تەنانەت وای کرد بەپێی یاسا ئەم گرووپانە لە عێراق ڕێپێدانیان بۆ دەستەبەر بکرێت وەک بەشێک لە سوپای عێراق حیسابیان بۆ بکرێت.

٤- هەژموونی مەزهەبی: ئێران توانیویەتی لە ڕێگای مەرجەعە باڵاکانی شیعە لە عێراق کۆنترۆڵی تەواوەتی عێراق بکات، بە جۆرێک دەتوانێت لە ڕێگای پیاوە ئاینییەکانی عێراق ئاراستەی ڕای گشتی و سیاسەتی عێراق بکات.

٥- هەژموونی میدیایی و کاریگەری لەسەرلایەنە سیاسییەکان: هەژموونی ئێران لە عێراق زیاتر لە ڕێگای حیزب و هێزە شیعەکانەوەیە وەک ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و حەسائیبی ئەهلی حەق...هتد نەوەک دەوڵەت و حکومەت، لەو ڕێیەوە کارتەکانی فشاری خۆی بەسەر عێراقدا دەسەپێنێت لەسەر ئاستی کەسایەتیش چەندین کەسایەتی باڵای سیاسی عێراق پەیوەنی توند و تۆڵیان لەگەڵ ئێران هەیە، هەروەها گرینگییەکی زۆر بە لایەنی میدیایی دەدات بۆ ئاراستەکردنی ڕای گشتی لە عێراق هەرچەندە زمانی فەرمی ئێران فارسیە بەڵام گرینگیشی بە زمانی عەرەبی داوە لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق[٢٣].

٢٣- یاسین تەها، نفوزی ئێرانی لە عێراق و کارتەکانی تاران لە نەجەف و بەغدا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، شوباتی ٢٠١٨، لاپەرە: ٦-٨.

هەڵبەتە ئەم دەستتێوەردانانەی ئێران و ئەو هەژموونەی کە هەیەتی لە عێراق لە دەرئەنجامی لەناوچوونی ڕژێمی بەعس بوو کە نەیاری سەرسەختی ئێران بوو، لە ئەنجامدا دەرگای عێراق بەڕووی ئێراندا کرایەوە بەگۆڕانی سیستەمەکەی و نوخبە سیاسییەکەی توانی هەژموونی خۆی بسەپێنێت لە عێراق، لێرەوە سیاسەت و ستراتیژی ئێران گۆڕانی بەسەرداهات بەبەراورد سەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراق، وە کۆمەڵێک ئامانجی نوێی بۆ دروست بوو دوای لاوازبوونی عێراق کە بووە پاڵنەر و هۆکار بۆ دەستتێوەردان کردن لە عێراق ئەمانیش بریتیین لە[٢٤]:

١- عێراق گرینگییەکی تایبەتی هەیە بە نسبەت ئێرانەوە، نایەوێت عێراق بە جۆرێک بەهێزبێت دوبارە ببێتە ڕێگر لەبەردەم ویست و خواستەکانی ئێران و ببێتە هەڕەشە بۆی، بۆیە دەیەوێت تواناکانی عێراق بەسنوردارکراوی بمێنێتەوە.

٢- هێشتنەوەی شیعەکان لە دەسەڵات بە ئامانجی بەردەوامیدان بە سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچەکە.

٣- کۆنترۆڵ کردنی سەقامگیری عێراق بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی کە مەترسی نەبێت بۆ سەر ئێران.

٤- بەردەوامیدان بە ململانێ و جیاوازییەکان لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق بۆ ئەوەی هەلەکان بۆ خۆی بقۆزێتەوە.

٥- ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی لە ناوچەکە.

٦- ڕێگریکردن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی دەسەڵاتێکی سونی لە عێراق تاوەکو ئەو ڕابردووە شوومە دوبارە نەبێتەوە کە ڕوویدا لە نێوانیاندا.

٢٤- تەحسین وسو عەبدوڵڵا، ئامانجە سیاسییەکانی ئێران لە عێراق دوای ڕژێمی بەعس، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، تەمووزی ٢٠٢٠، لاپەڕە: ٦-١٣.

هەولێرنامەی کتێب

٧- ڕێگریکردن لە شەڕی نێوخۆیی عێراق، چونکە لە ئەگەری دروستبوونی بارودۆخێکی لەم جۆرە هەڕەشە دەبێت لەسەر سیاسەت و ئامانجەکانی.

٨- ڕێگریکردن لە سەرکەوتنی پڕۆژەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە، چونکە لە ئەگەری سەرکەوتنیاندا ستراتیژی ئێران ڕوو لە شکست دەکات بۆ ئەمەش هەموو ڕێگایەکی گرتووەتە بەر بۆ شکست پێهێنانی پڕۆژەکانی ئەمریکا.

٩- بەرهەڵستی کردنی هێزەکانی ئەمریکا و دەرکردنی لە عێراق و ناوچەکە.

١٠- درووستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ لایەنە شیعەکانی عێراق و بەشێکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی وەک کارتێکی بەهێز دژی ئەمریکا بەکاریانبهێنێت، بەڵام پەیوەندییەکانی لە کوردستان بەم جۆرە نەبوو کە دەیویست بۆ دژایەتی کردنی ئەمریکا.

١١- پاراستن و بەهێزکردنی پێگەی هەرێمایەتی خۆی لە عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە بە هاوکاری کردنی گرووپ و پارتە سیاسییەکان، هەماهەنگی کردن لەگەڵ چەندین ڕێکخراو وەکو ڕێکخراوی قاعیدە بۆ دژایەتی کردنی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا.

## دووەم: دەستتێوەردانەکانی تورکیا لە عێراق:

چەندین هۆکار هەن بۆ گرنگیدانی تورکیا بە عێراق، لەوانە بوونی کورد، کە پرسێکی هەستیارە و پەیوەستە بە بوونی قەوارەی دەوڵەتی تورکیا و یەکپارچەییەکەی، چونکە ئاستی داواکاری کوردی تورکیا پەیوەندی بە دۆخی کوردی عێراقەوە هەیە، هەروەها تورکیا بوونی پەکەکە لەناو عێراق بە هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی خۆی دەزانێت، تورکیا پەیوەندی باشی لەگەڵ چەند ڕەوتێکی سوننە لە عێراق هەیە و لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووشەوە خۆی بە دەروازەی هەناردەی نەوتی

عێراق بەرەو ئەوروپا دەزانێت، دەرکەوتن و پەرەسەندنی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩١ەوە، هۆکارێك بووە بۆ پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق، ئەویش بەهۆی مەترسی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە، بەتایبەتی ئەگەر بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەنگاو بنێت، جیا لەوەش تورکیا بەربەستە لە گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەوپێیەی تورکیا بەهۆکاری بوونی پێکهاتەی تورکمان و بوونی نەوتێکی زۆر، گرنگییەکی گەورە بە کەرکووك دەدا و نایەوێ بکەوێتە دەستی کورد و هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی بەهێزتر بێت، هەڵبەتە تورکیا لەچەند ئاستێکدا دەستتێوەردان دەکات لەخاکی عێراق کە بریتیین لە[٢٥]:

أ. لەسەر ئاستی سیاسیدا:

تورکیا هەوڵی داوە لە ڕێگەی کورد و سوننەکانی عێراق، بەتایبەتی حزبی ئیسلامی عێراقی، هەژموونی خۆی بەسەر عێراق بسەپێنێت، دوای ئەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە بوونی لە عێراق کەمتر دەکاتەوە، تورکیا هەوڵی دا سوود لە دۆخەکە ببینێت و ئەو بۆشاییەی ئەمەریکا پڕ بکاتەوە.

ب. لەسەر ئاستی ئابووری و سەربازی:

تورکیا هەوڵی داوە دەست بەسەر شادەماری ئابووری عێراق بگرێت، ئەویش بەسوودبینین لە هۆکاری جوگرافی و کۆنترۆڵکردنی دۆسیەی ئاو، کە سەرچاوەی ژیانی کشتوکاڵ و پیشەسازی عێراقە، جیا لەوەی تورکیا خۆی بە دەروازەی هەناردەی نەوت بۆ ئەوروپا دادەنێت، دەسەڵاتەکانی تورکیا لە عێراق تەنیا لە رووی دەستتێوەردانێکی ئابووری و سیاسی نەوەستا، بەڵکو بەرەو دەستتێوەردانێکی ڕاستەوخۆی سەربازی پەلی

٢٥- مەحموود ئیسماعیل، فرەوانخوازیی تورکیا لە عێراق لە کوێ دەوەستێت؟، وەرگیراوە لە سایتی وشە، لە بەرواری ٢٥-٣-٢٠٢٢.
http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=١١٠٣٢٧&Jor=٤

کێشا، تا ئاستی هاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق و دامەزراندنی چەند بنکەیەکی سەربازی، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی ململانێی لەگەڵ یەکەکەدا.

### سێ یەم: دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا لە عێراق:

دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەم دەستتێوەردانانەش سەبارەت بە پرسی نەوت بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەڵام دەستپێکی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ بوو کاتێک دانینا بە دەوڵەتی عێراق، لێرەوە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا زیادی کرد دوای ڕێککەوتننامەی ئەمریکی – بەریتانی – عێراقی بە تایبەتیش دوای ساڵی ١٩٤٠، ئەمەش بەهۆی مەترسییەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو بۆ سەر پێگە نەوتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تاوەکو بیپارێزێت لەو مەترسیانە دوای هاتنی سەدام حوسێن بۆسەر دەسەڵات و داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە کە هەڕەشە بوو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، لە ئەنجامدا ئەمریکا بە توندی وەڵامی عێراقی دایەوە بەڵام ڕژێمەکەی عێراقی لەناونەبرد بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە لە ترسی پەلهاوێشتنی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ ئەمریکا ستراتیژی خۆی لە ناوچەکە گۆڕی بە گرتنە بەری بە دیمکراسی کردنی جیهان بەتایبەتیش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئامانجی سەقامگیرکردنی ناوچەکە و بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تیرۆرستییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا هەڵسا بە دەستتێوەردانی سەربازی لە عێراق، توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بهێنێت بەبیانووی هەبوونی پەیوەندی لە نێوان ڕژێمی بەعس و ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان و پەرەپێدان بە چەکی ناوەکی و چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژ لەلایەن ڕژێمەکەی سەدام

حوسێن بۆ بەکارهێنان دژی هادەوڵەتیان و هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکە، هەرچەندە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٠ ەوە جموجۆڵی سەربازی زیاتر کردبوو بۆ بەرگرتن لە هەڕەشەکانی ئێران و عێراق، بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە و عێراق لە سێ پرسی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش بریتیین لە پرسی (بە دیموکراسیکردن – ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر – فاکتەری وزە) ساڵی ٢٠١١ ئەمریکا ئەمریکا هەڵسا بە کشاندنەوەی هێزەکانی خۆی لە عێراق بەهۆی شکستهێنانی لە چاکسازی و زیاتربوونی گەندەڵی، ئەمەش بووە هۆی نائومێدبوونی زیاتری خەڵکی عێراق و کەمبوونەوەی گاریگەری ئەمریکا لەم دەوڵەتە[٢٦].

ئەمەش هۆکار بوو بۆ زیادبوونی کاریگەرییەکانی ئێران لە عێراق تا سەرهەڵدانی خەلافەتی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ کە بەشێکی زۆری خاکی عێراقی داگیرکرد، کە بووە هۆی نیگەرانی لەلایەن ئەمریکاوە چونکە مەترسی بوو لەسەر بەرژوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق، بۆیە ئەمریکا هەڵسا بە دوبارە گەڕاندنەوەی هێزەکانی بۆ ناوچەکە هەروەها پاڵپشتی ئاسمانی و زەمینی بۆ سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە ڕاگەیاند بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرستانی داعش تا ساڵی ٢٠١٧ کۆتایی بە خەلافەتی داعش هات لە ناوچەکە.

دوای ئەم ڕووداوانە ئەمریکا هەڵسا بە کوشتنی (قاسم سولەیمانی) فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران و (ئەبو مەهدی موهەندیس) جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی حەشدی شەعبی لە عێراق لە ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، لە ئەنجامدا لە ٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا بە دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەم کردەوەی ئەمریکا لەسەر خاکی عێراق،

٢٦- نەجات عەلی سالح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چاپخانەی ماد، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١، لاپەڕە: ٢٥٢-٢٥٧.

ئەم پرسە ئاڵۆزی زیاتری خستە نێوخۆی عێراق بەتایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان کە دەنگی نەدا بە چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ئەمەش کاردانەوەی ئێرانی بەدوای خۆیدا هێنا بە هێرشی موشەکی بۆ سەر پێگە و بنکەکانی ئەمریکا لە عێراق بەتایبەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها تانەدان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و داواکردن بۆ دوبارە ئەنجامدانی هەڵبژاردن تەنانەت هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە[٢٧].

لە کۆتاییدا دەتوانیین بڵێین ئەو دەستتێوەردانانەی کە لە عێراق دەکرێت، هەر دەوڵەتێک ئامانج و ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە بۆ دەستەبەرکردنی مەرامە سیاسییەکانی، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێیدا کە کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر بارودۆخی عێراق، کە بووەتە هۆی زیاتر دابەشکردنی عێراق نەوەک سەقامگیرکردن و بنیاتنانەوەی عێراق ئەمەش وایکردووە عێراق کاریگەربێت بەو دەوڵەتانە کە دەستتێوەردان دەکەن لە خاکی عێراق کە بوونەتە هۆی دروستکردنی کەم و کوڕی لە سەروەرییەکەی، هۆکاری سەرەکیش ناکۆکی و ململانێی نێوان پێکهاتەکانی عێراقە کە رێگا خۆشکەربووە لە بەردەم دەوڵەتان بۆ دەستتێوەردانکردن لە خاکی عێراق.

٢٧- پەرویز رەحیم، پاشەکشەی ئەمریکا و داهاتووی هێزە شیعەکان لە عێراق، وەرگیراوە لە سایتی پێنوس، لە بەرواری ٢٥-٣-٢٠٢٢.
http://penus.krd/index.php/ckb/٢٠١٨-٠٤-٠٢-١٩-١٢-٢٨/

# بەشی سێیەم
# كاریگەری دەستتێوەردانی دەرەكی لەسەر سەروەری عێراق

هەر دەوڵەتێک کاتێک دەستتێوەردان لە کاروباری دەوڵەتێکی تردا دەکات و سەروەرییەکەی پێشێل دەکات چەندین کاریگەری و دەرهاوێشتە لەسەر دەوڵەتی دەستتێوەردانکراو دروست دەکات، ڕەنگە ئەرێنی بێت بە مەبەستی بنیاتنان یاخود نەرێنی بێت بە مەبەستی لاوازکردنی ئەم دەوڵەتە، عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کاریگەری زۆری دەستتێوەردانی دەرەکی لەسەرە بە شێوەیەکی نەرێنی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، کە بووەتە هۆی ناسەقامگیرکردنی عێراق و سەنتەری تەراتێنی دەوڵەتان بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە و بەرژەوەندییەکانیان، ئەمەش چەندین کاریگەری دروستکردووە لەسەر عێراق، بووەتە هۆی مەترسی بۆ سەر ئەم دەوڵەتە ئەم کاریگەریانەش وای کردووە لێکۆڵەران چەندین ئەگەر و سیناریۆ بخەنەڕوو سەبارەت بە دەستتێوەردانەکان و داهاتووی ئەم دەوڵەتە کە لەم بەشەدا باسی لێوە دەکەین.

# باسی یەکەم
# کاریگەری دەستتێوەردانی دەرەکی لەسەر سەروەری عێراق دوای ساڵی ٢٠١٦

دەستتێوەردانی دەرەکی بە شێوەیەکی نەرێی کاریگەری کردووەتە سەر عێراق بە شێوەیەک چەندین لێکەوتەی خراپی لەسەر عێراق هەبووە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا ئەم ساتەی ئێستا، شایەنی باسە لە ساڵی ٢٠١٦ بەدواوە کاریگەری دەستتێوەردانەکان زیاتر بووە کە ڕێگر بووە لە سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی و جێبەجێکردنی فیدراڵیەت لە عێراق، هەر ئەمەش بووەتە هۆی زیاتر قووڵ کردنەوەی کێشەکان و نەگەیشتن بە چارەسەرێکی ڕیشەیی لە عێراق.

عێراق خاوەنی سەروەری یاسایی و ناسینەوەی نێودەوڵەتی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام بە شێوەیەکی واقعیانە بەدەست قەیرانی سەروەرییەوە دەناڵێنێت، چونکە یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە زۆرترین دەستتێوەردانی تێدا دەکرێت هەر لە پێکهێنانی قەوارە سیاسییەکان و هاوپەیمانیەتیەکانی هەڵبژاردن تاوەکو ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش ئەوە دەردەخات ڕۆڵی دەستتێوەردانەکان بەتایبەتی لە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت قبووڵی بوونی قەوارەیەکی سیاسی زۆرینە ناکەن کە دژی بەرژەوەندییەکانیان بێت، هەروەک تورکیا دەیەوێت بەردەوام کاریگەری لەسەر پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا هەبێت، بۆیە دەیەوێت دیاریکردنی سەرۆک وەزیران بە ڕەزامەندی و پاڵپشتی تورکیا بێت بۆ زامنکردنی بازرگانی و نەهێشتنی گرژییەکان، بەتایبەتی هاوسەنگی ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان[٢٨].

---

٢٨- احمد عدنان الميالي، أزمة السيادة في العراق، مأخوذة من الموقع الشبكة النبأ المعلوماتية، تأريخ زيارة (٢٠٢٢/٣/٢٢):
https://annabaa.org/arabic/authorsarticles/٢٦٣٩٦

لە ئاداری ساڵی ۲۰۱۸ هێزەکانی سوپای تورکیا هێرشیان کردە سەر چەند پێگەیەکی پارتی کرێکارانی کوردستان بەتایبەتی لە چیای قەندیل و چەند ناوچەیەکی سنووری، ئەمەش بووە هۆی زیانگەیاندن بە هادەوڵەتیانی ئەو ناوچانە و کوشتنی چەندین هادەوڵەتی مەدەنی لێ کەوتەوە بەهۆی ئەم هێرشەی تورکیا کە دەیویست تاوەکو مەخمور و دەوروبەری موسڵ بچێت، هەڵبەتە تورکیا جەختی لەوە کردەوە ئەم ئۆپەراسیۆنە بە پاڵپشتی تاران و بەغدا ئەنجام دراوە لە دژی کورد[۲۹].

سەبارەت بە ئێران دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دژ بە داعش هەندێک لە لایەنەکانی عێراق ڕوویان کردە درووستکردنی بزووتنەوەی سیاسی بە مەبەستی فراوانکردنی بنکەی دەسەڵاتی تاران لە عێراق، کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۲۰۱۸ بەشداریان کرد و توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن، بەهۆی پاڵپشتی ئێران بۆ جەنگی دژی داعش و پیشتیوانی بێسنووری ئێران لە هەڵبژاردنەکاندا ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی نوێنەرایەتیەکی بەهێز لە پەرلەمانی عێراق بە ناوی هاوپەیمانی فەتح کە خاوەنی ٤٥ کورسی پەرلەمانی بوو، دواتر بوو بو هاوپەیمانییەتییەکی گەورەتر بەناوی هاوپەیمانییەتی البناء کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دیاریکردنی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک وەزیرانی عێراق، وە دەرکردنی یاسای نوێ لە ساڵی ۲۰۱۹ بۆ هاوتاکردنی حەشدی شەعبی بەرامبەر بە سوپای عێراق و دابینکردنی بودجەیەکی زۆر بۆ ئەم هێزانە تەنانەت پێکهاتەکان و فراکسیۆنەکانی هاوپەیمانی البناء بەشێکی زۆر لە کورسی و پۆستە باڵاکانی دەوڵەتیان قۆرخ کرد، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێران بوو بەتایبەتی لەڕووی بەهێزکردنی پەیوەندی ئابووری و زیادبوونی داهاتی ئێران بۆ ١٥ ملیار دۆلار، کاتێکیش ناکۆکیەکانی ئێران و ئەمریکا زیاتربوو لە

---

٢٨- مركز المستقبل، مسارات التدخل العسكري التركي في العراق، مأخوذة من الموقع مسارات التدخل العسكري التركي في العراق، تأريخ زيارة ٣١-٣-٢٠٢٢.

https://futureuae.com/ar-AE/MainPage/Item/٤٠٠٢/

عێراق، بەتایبەتی دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا و کوشتنی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس هاوپەیمانی البناء لە پەرلەمان داوای دەرچوونی هێزە بیانییەکانی کرد لە عێراق بەتایبەتی هێزەکانی ئەمریکا، بڕیارەکەش لەسەر بنەمای ئەو کۆدەنگیە بوو کە لە نێوان لایەنگرەکانی ئێرانییەکان درووست بوو، هەروەها هاوکێشەی کاریگەرییەکانی ئێران دوای دوو ڕووداوی گرینگ گۆڕا، یەکەمیان خۆپیشاندانی جەماوەری لە بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، دووەمیان کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس و نەبوونیان لە گۆڕەپانی ڕووداوەکان، کاردانەوەی ڕووداوی یەکەم بریتی بوو لە نارازی بوونی گەنجان بە دیاریکراوی لە شارەکانی نەجەف و کەربەلا کە ئیدانەی بوونی ئێرانیان دەکرد لە عێراق بەهۆی بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و بەهەدەردانی سامانی دەوڵەت، چونکە کاریگەری نەرێنی ئێران و لایەنگری بۆ ئەو لایەنانەی کە هۆکاری سەرەکین بۆ ئەم دۆخەی عێراق، سەبارەت بە ڕووداوی دووەم، نەبوونی قاسمی سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئێران لەسەر بازنەی سیاسی شیعە و جەماوەر، کە کۆڵەکەی جێبەجێکردنی سیاسەتی ئێران بوون لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش وایکرد ئێران چاو بە سیاسەتەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە لە عێراق بۆ دەستنیشانکردنی ئامرازی کاریگەر و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نێوخۆی عێراق لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکی دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەمریکا[30].

---

٣٠- فرهاد علاء الدين، إيران وسياسات الهيمنة على العراق، مأخوذة من الموقع الشرق الأوسط، تأريخ زيارة ١-٤-٢٠٢٢.

https://aawsat.com/home/article/٢١٤١٨٧١

سەبارەت بە ئەمریکا کوشتنی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس لەسەر خاکی عێراق گۆڕانێکی ڕیشەیی لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا دروستکرد، ئەمەش کاریگەری زۆری دروستکرد لەسەر هەژموونی ئێران لە ناوچەکە، چونکە قاسم سولەیمانی کەسێکی کاریگەر و زیرەک بوو لە جێبەجێکردنی ستراتیژی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کوژرانی ئەم فەرماندە سەربازیە کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەگەری ڕوبەڕووبوونەوەی سەرربازی دەکرا لە نێوان هەردوو لادا لەسەر خاکی عێراق، بەشێوەیەک پەیوەندییەکانیان گەیشتبووە ئاستێک کە پێشبینی کردنی زەحمەت بوو[٣١].

هەڵبەتە دەستتێوەردانەکانی ئەمریکا پەیوەندی بە دەستتێوەردانە هەرێمایەتییەکانەوە هەیە بەتایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا لە ڕێگای دەروازەی عێراقەوە بۆ زامنکردنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانی و هەروەها بەرژەوەندی هاوپەیمانییەکانی لە کەنداو کە نیگەرانیان هەیە لە زیادبوونی هەژموونی ئێران لە عێراق و ناوچەکە بەتایبەتیش پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ئیسرائیل لە ناوچەکە، وە بەردەوام فشاری کردووە لە هەڵبژاردنەکان بۆ دیاریکردنی سەرۆک وەزیران تاوەکو بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت و زامنی مانەوەی خۆی بکات لە ناوچەکە، بۆیە پێکهێنانی هاوپەیمانی و پێکهێنانی حکومەت دەروازەی یەکەمیەتی بۆ پێشێلکردنی سەروەری عێراق، هەر ئەم ململانێیە حیزبیانەش بوونەتە دەرفەت لە زیاتربوونی دەستتێوەردان لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کە بوونەتە هۆی زیادبوونی قەیرانەکان و درووسنەبوونی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری دوور لە دەستتێوەردانی دەرەکی، هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی

٣١- بێستوون حسێن عارف، کوژرانی قاسم سولەیمانی دەستپێک یان کۆتایی گەمەکە، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ئازاری ٢٠٢٠، لاپەڕە: ٤-١٢.

عێراق و خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٩ دەرفەتێکی گونجاوی بۆ دەستتێوەردان کردن بەدوای خۆیدا هێنا لە ڕێگای پیشتیوانی کردنی لایەنەکان و بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەوانەش ئەمریکا بۆ ئەوەی بەرەو کاریگەری و کۆنترۆلکردنی پرۆسەی سیاسی بڕوات، عەرەبستانی سعودیش ئاواتی فراوانکردنی نفوزی خۆی هەیە لە عێراق لە ڕێگای پاڵپشتی کردنی هێزە سیاسییەکانی عێراق بۆ ئەوەی گرەنتی بەرژەوەندییەکانی بکات بەتایبەتیش سعودیە دەیەوێت حیسابی خۆی لە ڕێگای پێکهێنانی حکومەتەوە یەکلایی بکاتەوە لەگەڵ ئێران بە پشتگیری کردنی هەندێک لایەن دژی هەندێک لایەنی تر کە لەژێر کاریگەری ئێرانن، بۆ ئەوەی سوود لە کارلێککردنی سیاسی وەربگرێت وەک ئەمریکا و تورکیا کە سوود لە دابەشبوونی سیاسی وەردەگرن، قەتەریش دەچێتە چوارچێوەی ئەم دەستتێوەردانانە لەڕێگای کەش و هەوای پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی پلە و پۆستەکان لە ڕێگای فشارە دەرەکییەکان کە خراوەتە سەر هێزە دانوستانکارەکان[٣٢].

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین لەدوای ساڵی ٢٠١٦ کۆمەڵێک ڕووداو و گۆڕانکاری هاتنە ئاراوە کە بووە هۆی زیاتربوونی ململانێکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەر خاکی عێراق، هەریەکەیان دەیویست دەستتێوەردانی زیاتر بکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و هێشتنەوەی هەژموونی خۆی لە عێراق جا بەهەر جۆرێک بێت، بە دەستتێوەردان لە هەڵبژاردنەکان یاخود هەڕەشەکردن و بەکارهێنانی هێز، هەروەک بینیمان لە ئەنجامی دروستبوونی مەترسی بۆ سەر هەژموونی ئێران لە عێراق چەندین هێرشی موشەکی کرایە سەر بنکە و بارەگاکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، ئەمەش لە ئەنجامی لاوازبوونی هەژموونی ئێرانی و ناڕازی بوونی ڕای گشتی عێراقی لە بوونی ئێران لە دەوڵەتەکەیان، هەروەها شکستهێنانی ئێران لە پرۆسەی

٣٢- احمد عدنان الميالي، المصدر السابق.

سیاسی و هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق هۆکاری سەرەکین لە زیاتر قووڵکردنەوەی ململانێکان لە عێڕاق.

# باسی دووەم
# خوێندنەوەیەکی ئایندەیی بۆ سەروەری عێراق لەژێر کاریگەری دەستتێوەردانەکان

بێگومان یەکێک لە گرنگترین ڕوکنەکانی دەوڵەت بریتییە لە ڕوکنی سەروەری، واتە دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر کاروبارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، عێراق یەکێکە لەم دەوڵەتانەی کە لە ڕووی یاساوە خاوەن سیادەیە، بەڵام لە ڕووی واقعیەوە دەناڵێنێت بەدەست کێشە و قەیرانی سەروەریەوە، چونکە یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە زۆرترین دەستتێوەردانی تێدا دەکرێت لەلایەن دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیەوە، هەمیشە دەستتێوەردانەکان لە ڕێگای هێزە سیاسیەکان و پارتە سیاسەکان دەکرێت، لە گرنگترین ئەو دەوڵەتانەی دەستتێوەردان لە کاروباری عێراق دەکەن بریتین لە ئەمریکا ، تورکیا ، ئێران و سعودیە[٣٣].

سەبارەت بە ئایندەی دەستتێوەردانەکان لەسەر سەروەری عێراق، ئێمە دابەشی دوو لایەنی دەکەین، یەکەم دەستتێوەردانەکانی هەرێمی، دووەم دەستتێوەردانەکانی نێودەوڵەتی، باسکردن لە داهاتووی پرۆسەی سیاسی لە عێراق خۆی لە سێ سیناریۆدا دەبینێتەوە، یان ئەوەتا بارودۆخی سیاسی عێراق بەرەو باشتر دەچێت لەوەی کە ئێستا هەیە، یاخود بەرەو خراپتر دەچێت یان وەک خۆی دەمێنێتەوە، هەر سیناریۆیەکیش بیانووی خۆی هەیە کە لەخوارەوە باسی دەکەین[٣٤]:

٣٣- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ م. دڵخواز ئیسماعیل، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، ٢٧-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ١٠:١٠ بەیانی.

٣٤- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نەجیبە ئیبراهیم، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، ٣٠-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ٩:١٩ ئێوارە.

**یەکەم: سیناریۆی باشتربوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق:**

قسەکردن لەسەر باشتر بوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە چاو ئەوەی کە ئێستا تییدایە کارێکی زۆر ئەستەمە لەبەر ئەوەی ئاسۆکانی باشتربوون زۆر لاوازن ئەگەر چی کارێکی مەحاڵیش نییە.

**دووەم: سیناریۆی خراپبوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە داهاتوودا:**

زۆربەی ئاماژەکان لە داهاتوودا بۆ ئەوە دەچن کەوا لە داهاتوودا پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەرەو خراپتر دەچێ، لەبەر ئەوەی ئاسۆیەك بەدی ناکرێت. هەروەها متمانەش لە نێوان پیکهاتەکانی عێراق زۆر لاواز بووە بەجۆرێك هیچ پێکهاتەیەك ئینتیمای بۆ عێراق نەماوە، بۆ سیناریۆی دووەمیش کە خراپتر بوونی پرۆسەی سیاسی عێراقە چەند خاڵێك دەخەینە روو:

١. نەمانی متمانە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق: لەدوای رووخانی رژێمی بەعس و هاتنە سەرکاری پێکهاتەی شیعە بۆ سەر دەسەڵات لە عێراق، دەسەڵاتداران بوونە هۆی پەراوێزخستنی پێکهاتەکانی تری عێراق وەك سوونە و کوردی عێراق، لە ئەنجامی سیاسەتە یەك لەدوای یەکەکانی دەسەڵاتدارانی شیعە، بووە هۆی نەمانی متمانە لە نێوان پێکهاتەکان، کاتێکیش متمانە نەما دەبێتە هۆی ناجێگیری بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی....هتد، دەرئەنجام دەبێتە هۆی لاوازی پرۆسەی سیاسی وە لە گەشەکردنیش دەوەستێ.

٢. پرسی ئابووری(نەوت و گاز): پرسی نەوت و گاز یەکێکە لەو پرسانەی کەوا چاوەڕوان ناکرێ رێککەوتنی لەسەر بکرێت، بەتایبەتی لە نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێم، چونکە دیدگا و ڕوانگەی هەر لایەك جیاوازە لەسەر ئەم پرسە واتە هەر لایەکیان دەیەویت مەلەفی

نەوت و گاز بەدەست خۆی بگرێت وەك چەكێك دژی لایەنەكانی تر بەكاری بێنێت لەكاتی پێویستدا.

٣. جێبەجێنەكردنی دەستوور: لەبەر ئەوەی حكومەتی عێراق تاكو ئێستا پابەند نییە بە جێبەجێكردنی ماددەكانی دەستوور، بەتایبەتی لەسەر ماددەكانی تایبەت بە سەرچاوە سروشتیەكان و ماددەی (١٤٠) كەوا تایبەتە بە ناوچە كێشە لەسەرەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەمەش وادەكات لایەنەكان كەمتر پابەند بن بە ماددەكانی دەستوور وە لادانیش لە دەستوور ئاماژەیە بۆ خراپتربوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق.

٤. دەستتێوەردانی دەوڵەتانی هەرێمی: بێگومان دەوڵەتانی هەرێمیش كاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر خراپبوونی بارودۆخی عێراق هەیە، چونكە هەر دەوڵەتێكی هەرێمی بە گوێرەی بەرژەوەندییەكانی خۆی یارمەتی ئەو لایەنە دەدات كەوا بەرژەوەندییەكانی دەپارێزێت، ئەم دەستتێوەردانەش وادەكات پرۆسەی سیاسی لە عێراق خراپتر ببێت، وەك ئەوەی ئێستا هەیە، ئێران یارمەتی شیعە دەدات لەسەر حیسابی سوونەكان بە پێچەوانەوە توركیا و دەوڵەتانی سوونە مەزهەب یارمەتی سوونەی عێراق دەدەن.

## سێیەم: سیناریۆی بەردەوابوون و ماوەنەوەی عێراق وەک دەوڵەتێكی (ناقص السیادة)

لە هەرسێ حاڵەتدا بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی هەرێمی ڕۆڵ دەبینێت، ئەگەر تەماشای بەرژەوەندی هەریەكە لە توركیا و ئێران بكەین دەبینین كە بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە توركیا هەوڵدەدات، دەوڵەتێكی بەهێز هەبێت، عێراقێكی بەهێزی یەک پارچە هەبێت، چونكە ئەگەر عێراقێكی بەهێزو یەک پارچە هەبێت و سەروەری تێدا سەقامگیر بێت، ئەمە وادەكات كە مەترسیە گوازراوەكان لە چارچێوەی تیۆری ئاسایشی هەرێمی، یاخود بڵێین

قوتابخانەی (کۆپنهاگن) کە یەکێک لە خاڵەکان بریتییە لە (ئەوەی مەترسی و هەڕەشە دروست دەکات بریتیە لە هاوسنووری) کەواتە ئەو مەترسیانەی کە لە عێراق هەن، دەگوازرێنەوە بۆ تورکیا، بۆیە تورکیا لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی هێشتنەوەی عێراقێکی بەهێز دەدات، بەڵام بە شێوەیەکی یەک پارچەیی، لەبەرامبەردا ئێران هەوڵدەدات عێراق دەوڵەتێکی ئەوەندە بەهێز نەبێت، بەڵام ئەویش لەگەڵ ئەوەیە، هەروەها هەموو دەوڵەتانی هەرێمی لەسەر یەک خاڵدا کۆکن ئەویش بریتیە لە پرسی (کورد)، کورد دەبێت لاواز بێت و وە عێراقێکی بەهێز هەبێت، بەڵام ئەو عێراقە بەهێزە نەبێت کە ئێران نەتوانێ دەستتێوەردانی تێدا بکات، بەڵکو دەیەوێت عێراقێک بێت لەژێر هەژموون و قەڵەمڕەوی خۆیدا بێت، شیعەش باڵا دەست بێت، و ئەوەندەش بەهێز نەبێت کە شیعە ڕێگر بێت لە دەستتێوەردانی نێوخۆیی عێراق، بۆیە هەوڵدەدات عێراقێک بێت کە سەروەری تەواوی نەبێت، تاوەکو بە ئارەزووی خۆی بەرژەوەندییەکانی خۆی تێدا جێبەجێ بکات، هەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشە کێشەی ئەوەیە لە بەرامبەر عێراق دا سیاسەتێکی جێگیری نییە، سیاسەتەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، خوێندنەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر عێراق دا ئەستەم دەبێت، چونکە ئەمریکا لە هەموو قۆناغەکاندا ڕۆڵی هەبووە لە عێراقدا، هەم لە قۆناغێک کە عێراق خاوەن دەوڵەتێکی بەهێز و سەروەری تەواو بووە کە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە، هەمیش کە هات عێراقی ڕووخاند و سەروەری عێراقی لاوازکرد، هەمیش لە ئیستادا ڕۆل دەبینێت، بۆیە ئەمریکا هەوڵدەدات هاوسەنگییەک لەم نێوەندە دروست بکات بەرامبەر دەوڵتانی تر لە ناوچەکە وەک ئێران، ڕوسیا و صین، چونکە صینیش بە شێوازێک لە شێوازەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی

ناوەراست دەدات، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵدەدات، ئەو هاوسەنگییە بپارێزێت یانی عێراقێکی بەهێز بنیاتبنرێت[٣٥].

گەر بڕوانینە ئەو دەستتێوەردانانەی کە لە عێڕاق دەکرێت باگراوندێکی مێژوویی هەیە، هۆکاری ئەم دەستتێوەردانانەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار و فاکتەر بێگومان دیارترینیان بنیاتنانی دەوڵەتی عێڕاقە لەژێر فشاری دەرەکی، کە بووە هۆی گرێدانی کۆمەڵێک پێکهاتەی جۆراوجۆر بەبێ خواست و ویستی ئەم پێکهاتانە کە لکێندراوە بە ئامانج و بەرژەوەندی دەرەکی هەر ئەمەش بواری ڕەخساندووە بۆ دەستتێوەردان لە خاکی عێڕاق، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی کراوە هەموو کاتێک بە ویستی گەلانی عێڕاق نەبووە بەڵکو پاڵنەری دەرەکی ڕۆڵی تیابینیوە بەتایبەتیش گۆڕانکارییەکانی دوای ٢٠٠٣ ئەوەندەی بە ویستی دەرەکی بوو بە ویستی گەلانی عێڕاق نەبووە، هەر ئەمانەش وایکردووە وابەستەیی نێشتیمانی نەبێت لە نێوان پێکهاتەکانی عێڕاق تەنانەت دەستوریش ڕەنگدانەوەی دەرەکی بەسەرەوەیە[٣٦].

ساڵی ٢٠٠٣ دەبینین ئێران دەستی کرد بە پاڵپشتیکردن لە پێکهاتەی شیعە لە عێڕاق چونکە دەوڵەتانی سونە پاڵپشتی لە پێکهاتەی سونە دەکەن، بۆ نمونە هەندێک پاڵپشتی نێودەوڵەتیش هەیە بۆ کورد، بەڵام بەبەراورد کە سونەکان و شیعەکان هەیانە بەو شێوازە نیە هەتا تەنانەت ئەو شێوازە زەمینەی خۆش کردوە بۆ دەستتێوەردان، ئەم ململانێیانەش شەڕی لەجیاتی درووست کردەوە کاتێک کە سونە لە گەڵ شیعە شەڕ و ململانێ دەکەن ئەمە وەک ئەوە وایە کە ململانێیەکە

٣٥- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ م. بێستوون عمر، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ٢٨-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ١١:٥٤ بەیانی.

٣٦- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ م. شاخەوان محمد ساڵح، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، ٢٧-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ١٢:٥٤ ئێوارە.

لەنێوان دەوڵەتانی سونە و شیعەیە لەسەر خاکی عێراق، بۆیە زۆرجار گوتاری سیاسی دەبیستین لە سەرانی عێراق یان حکومەتی عێراق کە باس لەوەدەکەن عێراق نابێت ببێت گۆڕەپانی ململانێکانی دەوروبەر، بەهۆی گرینگی پێگەی جوگرافیای عێراق هەمیشە بەدەرنەبووە لە تەماعی دەوڵەتان هەمیشە عێراق یەکێکە لە فاکتەرە گرینگەکانی یەکلاییکردنەوەی هاوکێشە سیاسیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەرهاتوو عێراق سەقامگیر بوو، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیر دەبێت، ئەگەریش پشێوی هەبێت، بێگومان ئەم پشێویە دەکەوێتە تەواوی دەوڵەتەکانی دیکەوە، جا چ لەڕووی پێکاتەییەوە بێت یان لەڕووی پێگەی جوگرافیا بێت یان ئەو فاکتەرە بەهێزانەوە بێت کەلە عێراق هەن، هەر ئەمەش وایکردووە هەمیشە عێراق جێگای دەستتێوەردان بێت بەتایبەتیش ئابووری عێراق، کاتێک باسی سەرچاوەی ووزە دەکەین بێگومان عێراق لەپێنچ دەوڵەتەکانی دوونیایە کە زورترین سەرچاوەی یەدەگی نەوت و غازی تێدایە، بۆیە عێراق هەمیشە لەکۆنەوە دوای ئەوەی سەرچاوەی وزە دۆزراوەتەوە بۆتە هۆی چاوتێبڕینی دەوڵەتان[٣٧].

عێراق لە ٢٠٠٥ بەدواوە بە ئاشکرا لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەمریکا و هاوپەیمانان رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن، تورکیاش بێبەری نییە لەم بارودۆخەی کە لە عێراق دەگوزەرێت، هەربۆیە ئایندەی عێراق کەوتووەتە ژێر مەترسییەوە، چونکە نوخبەی سیاسی عێراق ئەوەندەی لایەنگریان بۆ دەرەوە بەرژەوەندیەکانی دەرەوە هەیە لایەنگری دەوڵەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان نین ئەمەش بووەتە هۆی هێشتنەوەی ئایندەی عێراق بە ناڕوونی[٣٨].

---

٣٧- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ د. سەردار قادر، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، ٢٧-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ١١:٤٠ بەیانی.

٣٨- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ م. شاخەوان محمد سالح، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سەبارەت بە ئایندەیە دەستتێوەردانی دەرەکی، خودی ململانێیە نێودەوڵەتیەکانیش وای کردوە کە عێراق نەتوانێت بە بێلایەنی بمێنێتەوە، بەهۆی ململانێی ناوچەیی نێوان دەوڵەتانی دراوسێ نموونە سعودیە، تورکیا، ئێران، کاتێک ئەمانە ململانێ دەکەن لەسەر نفووز لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق ناتوانێت وەک دەوڵەتێکی بێلایەن بمێنێتەوە، بێگومان کاتێک دەڵێن ناتوانێت بێلایەن بمێنێتەوە لەهەندێک ڕوو پەیوەندی بە تورکیا و سعودیە هەیە، لەهەندێک ڕوو پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، بۆیە تورکیا و ئێران هەوڵ دەدەن ململانێکانیان لە عێراق یەکلایی بکەنەوە، بۆیە دەگەینە دەرئەنجامێک کە عێراق هەمیشە لە واقیعی دەستتێوەردانەکانی هەم هۆکاری هەبووە هەم زەمینەیەکی لەباری هەیە بۆ دەستتێوەردان لەکاروباری عێراق لەلایەن دەوڵەتان، هەر کاتێکیش دەستتێوەردان لە دەوڵەت هەبوو، ئەوەندەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕێژەی سیادەی عێراق و ناسەقامگیربوونی، تا وای لێهاتوە عێراق ناتوانێت باس لە سەروەری خۆی بکات، بۆ نموونە ئێران چەندین تەداخولی هەبووە بەڵام تا ئێستا عێراق هەڵوێستیکی نیگەرانی نەبووە بەرامبەر ئێران چونکە بەمەجالی حەیەوی خۆی زانیوە، تەنانەت خودی ئێران کە باسیان لە عێراق کردەوە وەک بەشێک لە ئێران دایدەنێن، بۆیە عێراق وەک ویلایەتێک وایە لە ویلایەتەکانی ئێران، کەواتە عێراق سەروەرییەکەی تەواو نیە لەڕووی یاساییەوە سەروەرییەکەی کامڵ نەبووە لەچەند ڕوویەکەوە، یەکەم کاتێک ئەمریکا هات عێراقی داگیر کرد لە ژێر هەژموونی ئەمریکی بوو بۆماوەی چەند مانگێک دواتر ڕادەستی نەتەوەیەکگرتوەکان کرا تا ساڵی٢٠١١، واتا عێراق نەی دەتوانی هیچ بڕیارێک بدات بەبێ ڕەزامەندی نەتەوەیەکگرتوەکان بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ، چونکە ئەولایەنەی کە سەرپەرشتی سەروەری عێراقی دەکرد کارووباری عێراقی بەڕێوە دەبرد بریتی بوو لەنەتەوەیەکگرتووەکان، دوای ساڵی ٢٠١١ش

عێراق هەر نەی توانی لەژێر بەندی ٧ی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕزگاری بێت بۆ ئەوەی سەروەرییەکی تەواوی هەبێت، تەنانەت عێراق نەی دەتوانی چەک بکڕێت و هیچ پەیوەندیەکی بازرگانی و سەربازی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، چونکە عێراق لەژێر بەندی٧ دابوو، بەڵام ئێستا لەژێر بەندی٧ هاتۆتە دەرەوە دەتوانێ هەندێک مامەڵەبکات، بەتایبەت دوای ئەوەی قەرەبووی کوێتی کردەوە، ئێستا عێراق سەرلەنوێ وردە وردە دەیەوێت بگەڕێتەوە نێو گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و ڕۆڵی سەروەری خۆی ببینێتەوە، بەڵام ڕاستە کۆمەڵێک ئاماژەی ئەرێنی هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ گێڕانەوەی سەروەری عێراق و ڕۆڵبینینی عێراق سەر لەنوێ بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نیە کە عێراق ئەتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێت لەبەر ئەو هۆکارانەی کە پێشتر باسمان کرد عێراق هەمیشە لەبەردەم حاڵەتێکدایە کە ناتوانێت ڕۆڵی سەروەری خۆی ببێنێت[٣٩].

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا، هەوڵی بەدەست هێنانی عێراقێکی بەهێز دەدەن، بەڵام عێراقە بەهێزەکە لە چوارچێوەی مەزهەبێکی سوونە گەرایی بێت، ئەگەر شیعەش بێت لە ژێر هەژموونی خۆیان بێت، بەڵام ئێران بەم شێوەیە بیرناکاتەوە، بۆیە عێراق بۆتە چەقی ململانێ و هۆکارێکە بۆ هاوسەنگی ڕاگرتنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکان، چونکە عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە بە دەوڵەتی پاشکۆ ناودەبرێت، چونکە ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بپارێزێت، لەبەرامبەردا ئێران بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەپارێزێت، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەکی بەبێ بوونی دەوڵەتێکی زلهێز ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت. کەواتە ئێران پێویستی بە دەوڵەتێکی پاڵپشتی

---

٣٩- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ د. سەردار قادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کار هەیە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی لە دەرەوە بپارێزێت، بۆ نموونە وەکو صین و رووسیا، بۆیە دەبینین لە سووریادا پارێزگاری لە خۆی دەکات، بۆیە ئەمانە هەموو ئەوەمان پێ دەڵێن ئایندەی عێراق ئایندەیەکی ناڕوونە، گرینگترین سیناریۆکان لە چوارچێوەی دەستتێوەردانەکانی نێوخۆیی عێراق بۆ هاوسەنگی هێز لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتە هەرێمییەکاندا بەو ئاقارەدا دەڕوات، کە عێراق لەم چوارچێوەی کە ئێستا تێیدایە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، چونکە نەمانی عێراق لە بەرژەوەندی هیچ دەوڵەتێک نییە، ئەمانە لەلایەک، سیناریۆی دووەم کە عێراقێکی زۆر بەهێز درووست بکرێت کە ئەمە ئەستەم دەبێت، چونکە کاتێک عێراقێکی بەهێز درووست دەکرێت، کێشەو ململانێی گەورە درووست دەبێت، لەبەر ئەوەی عێراق لە چەندیین تایفە و مەزهەب پێک دێت، ئەگەر بەم شێوەیە بێت کیانی کوردی دەتوێتەوە، ئەمەش ئەستەم دەبێت هەم تورکیا هەم دەوڵەتانی تریش لەگەڵ ئەوە نین، چونکە دەیانەوێت عێراقێکی فیدراڵ هەبێت، ئەگەر بێت و دەستوور هەڵبوەشێنینەوە و حیساب بۆ کورد نەکەین، کەواتە ئەو دیموکراسییەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەمەش نییە، بۆیە نزیکترین سیناریۆ کە بیەوێت لە ناوچەکە جێبەجێبکرێت لە بەرامبەر عێراق دا وەکو ئەوەی کە هەیە دەمێنێتەوە، چونکە تاکو ئێستا هەریەکە لە تورکیا و ئەمریکا، بەرژەوەندیی خۆیان لە عێراق بەدەست دەهێنێت، وە ئێرانیش بەرژەوەندیی خۆی بەدەست کەوتووە، ئەمریکا ئەگەر چی جاروبار قوربانی دەدات، هێزەکانی دەکشێنێتەوە و دەیهێنێتەوە، ئەمانە هەمووی سیناریۆی ستراتیژیەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەڵام گرینگترین و نزیکترین سیناریۆ دەتوانیین بڵێین ئەو سیناریۆیەیە، کە عێراق وەکو ئەوەی کە هەیە بمێنێتەوە لە چوارچێوەی ئەو دەستتێوەردانە هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کە هەیە .

# دەرئەنجام

١- عێراق گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە ڕووی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکیەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرینگی پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق هۆکارە لە دیاریکردنی پەیوەندی و ململانێکانی عێراق.

٢- ئەمریکا عێراق بە ناوەندێکی گرینگی چاودێری و هەواڵگری بەرامبەر ڕوسیا و ئێران دادەنێت و ناچەیەکیشە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کەنداوی عەرەبی، بایەخی عێراق لە بازنەی ستراتیژی ئەمریکادا بریتییە لە پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق ئەویش بریتییە لە بایەخی ئابووری کە خۆی لە سامانی سروشتی نەوت و ناوچەی بازرگانی دەبینێتەوە.

٣- ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس ڕاستە گرینگییەکی زۆری هەبوو وەک لەناوبردنی گەورەترین نەیاری دەوڵەتانی ناوچەکە بەڵام گەورەترین خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی تاران کرد کە دەکرێت بڵێین بووە بە مەترسییەکی تر بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە بە تایبەتیش عێراق، کە ئێران سوودمەندترین دەوڵەتە لە بارودۆخی عێراق لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ کە بووە هۆی کرانەوەی دەروازەکان بە ڕووی ئێراندا، هەژموونی خۆی بەسەر عێراقدا کێشاوە بە شێوەیەک کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقدا کێشاوە لە ڕێگای ئەو پارتە سیاسییانەی کە لایەنگری تارانن.

٤- سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕۆڵێکی گرینگی بینیوە لە بەهێزبوونی ئێران لەم دەوڵەتە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەژموونی ئێران ڕوو لە هەڵکشانە لە عێراق بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمریکا شکستی هێنا لە ڕزگارکردنی عێراق لە ژێر هەژموونی ئێران.

٥- فاکتەری ناوەخۆ تاکە هۆکاری زاڵبوونی حاکمیەتی ئێران نییە لە عێراق بەڵکو فاکتەری دەرکی وەک سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق هۆکارن بۆ زاڵبوونی حاکمیەتی ئێران لە عێراق، پێکهاتەکانی عێراق بەهۆی

دروستبوونی ئەو جیاوازیەی کە لەلایەن نوخبەی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت هەوڵدەدەن دەستەبەری پاڵپشتی دەرەکی بکەن هەروەک سوننەکان پاڵپشتی دەکرێن لەلایەن تورکیا و سعودیە، هەڵبەتە شێوازی حکومڕانی و ئیدارەدانی دەوڵەتی عێراق هۆکارە لە ناسەقامگربوونی زیاتری عێراق، هەر دەوڵەتێک هەوڵدەدات هەژموون و کاریگەری خۆی بسەپێنێت بەسەر عێراقدا بە شێوازی جۆراوجۆر وەک پاڵپشتیکردنی دەوڵەتان بۆ هێزە سیاسییەکانی عێراق تاوەکوو لەم ڕێگایەوە بتوانێت مەرام و سیاسەتەکانی جێبەجێ بکات.

٦- نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون لە لایەن دەوڵەتانی سوونە مەزهەب لە عێراق و ناوچەکە هۆکارێکی ترە لە درووستبوونی ناسەقامگیری و فراوانخوازییەکانی ئێران.

# ڕاسپاردەکان

ئەگەر لایەنە سیاسیەکانی بەشداربوو لە پرۆسەی سیاسی عێراق بیانەوێت هەوڵ بدەن بۆ باشتر بوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و کەمکردنەوەی کاریگەری دەرەکی چەند پێداویستیەك دەخەینە ڕوو:

١. پابەند بوون بە دەستووری پەسەند کراوی ساڵی ٢٠٠٥: دەبێت هەموو لایەنەکانی بەشداربوو لە پرۆسەی سیاسی عێراق پابەندی تەواوی خۆیان بە دەستوور ڕابگەیەنن، وە خاڵی یەکلاییکەرەوە بێت لە نێوانیاندا لە کاتی بوونی هەر ناکۆکیەك ئەگەر ڕوویدا لە نێوانیاندا.

٢.بەشداری ڕاستەقینە لە دەسەڵات: دەبێت دەرفەتی باشتر برەخسێندرێت بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە شیعە و سوونە و کورد وە پێکهاتەکانی تر کە بەگوێرەی قەبارەی خۆیان بەشدارین لە پرۆسەی سیاسی و مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانیان لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات، چونکە بەشداری ڕاستەقینە گرەنتی باشتربوونی پرۆسەی سیاسیە.

٣. مەترسی لەسەر عێراق(تیرۆر): لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام مەترسیەك ڕووی لە عێراق کردووە ئەویش بریتییە لە پرسی تیرۆر، دیاردەی تیرۆریش پرسێکی ترسناك و پڕ کاریگەرە کە وادەکات لایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەی سیاسی عێراق بەیەك دەنگ و بەیەك هەڵوێست ڕووبەڕووی ئەم مەترسیە ببنەوە ، لەبەر ئەوەی کە دواجار چارەنووسی هەموو لایەنەکان بەیەکەوە بەستراوەتەوە لەسەر خاکێك کە ناوی عێراقە واتا هیچ لایەنێك ناتوانێ بڵێ مەترسی تیرۆر لەسەر ئێمە نییە.

٤. بەرژەوەندی ئابووری: بەرژەوەندییە ئابووریەکانی عێراق وادەخوازێت کە لە داهاتوو دا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا باشتر بێت، لەبەرئەوەی لایەنی ئابووری و سیاسی دوو ڕووی یەك دراون لەبەر ئەوە

هەموو لایەنە سیاسیەکان دەتوانن کێشەی ئابووری بۆ یەکتر دروست بکەن لەکاتێکدا دەتوانن ئاسانکاریش بۆ یەکتر بکەن، بە تایبەتی لە کاتی ئێستادا کەوا پرسی ئابووری چەند کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق هەیە بەتایبەتی لەکاتی دابەزینی نرخی نەوت، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین بڕبڕەی ئابووری عێراق نەوتە وە هەرکات پرسە ئابووریەکان ئاڵۆزیان تێبکەوێ پرۆسەی سیاسی ئەستەم دەبێت.

# سەرچاوەکان

## ❖ سەرچاوە کوردییەکان:

### یەکەم: کتێبەکان:

١- ئەیوب ئەیوب زادە، چەمکی سەروەری و مەسەلەی دەخالەتی مرۆڤدۆستانە، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، بۆکان، ٢٠١١.
٢- خەلیل عەبدوڵلا، عێراق لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، ماڵپەڕی کتێبخانەی کوردی ئەوین، ٢٠٠٥.
٣- ڕایمۆند گارفیل گیتیل، و: فاضل زکی محمد، زانستە سیاسییەکان، ناوەندی فێربوون، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٩.
٤- عەبدولڕەحمان عالم، و: دلاوەر عەبدوڵلا – محەمەد کەریم، بنەماکانی زانستە سیاسییەکان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
٥- عوسمان حەسەن شاکر، جیهانگیری و کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت، چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.
٦- غولامەرزا عەلی بابایی، و: زاهیر محەممەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.
٧- محەمەد ئیحسان، و: ئاسۆ کەریم - کەمەران مەنتک، ململانێیە نێودەوڵەتییەکان لە سەدەی بیستەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.
٨- مسعود عبدالخالق محمد امین، مەوسوعەی جودی، نوسینگەی تەفسیر، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٥.
٩- نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چاپخانەی ماد، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١.

## دووەم – ئینتەرنێت:


١- پەرویز ڕەحیم، پاشەکشەی ئەمریکا و داهاتووی هێزە شیعەکان لە عێراق، وەرگیراوە لە سایتی پێنوس، لە بەرواری ٢٥-٣-٢٠٢٢.
http://penus.krd/index.php/ckb/٢٠١٨-٠٤-٠٢-١٩-١٢-٢٨

٢- کارۆخ خۆشناو، بۆچی دۆخی عێراق سەقامگیر نابێت؟، وەرگیراوە لە ماڵپەری پەیسەر پرێس، لە بەرواری ٢١-٣-٢٠٢٢.
https://www.peyserpress.com/wtardetail/١٠٠٦

٣- مەحموود ئیسماعیل، فراوانخوازیی تورکیا لە عێراق لە کوێ دەوەستێت؟، وەرگیراوە لە سایتی وشە، لە بەرواری ٢٥-٣-٢٠٢٢.
http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=١١٠٣٢٧&Jor=٤


## سێیەم – توێژینەوە:


١- بێستوون حسێن عارف، کوژرانی قاسم سولەیمانی دەستپێک یان کۆتایی گەمەکە، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ئازاری ٢٠٢٠.

٢- تەحسین وسو عەبدوڵڵا، ئامانجە سیاسییەکانی ئێران لە عێراقی دوای ڕژێمی بەعس، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، تەمووزی ٢٠٢٠.

٣- هاوکار ڕەفیق، سروشتی پەیوەندییەکانی(ئێران – سعودیە - عێراق) لە چوار دەیەی ڕابردوودا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، کانوونی دووەمی ٢٠١٨.

٤- یاسین تەها، نفوزی ئێرانی لە عێراق و کارتەکانی تاران لە نەجەف و بەغدا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، شوباتی ٢٠١٨.

## چوارەم – چاوپێکەوتن:

١- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ م. بێستوون عمر، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ٢٨-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ١١:٥٤ بەیانی.
٢- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ م. دڵخواز ئیسماعیل، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، ٢٧-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ١٠:١٠ بەیانی.
٣- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ د. سەردار قادر، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، ٢٧-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ١١:٤٠ بەیانی.
٤- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ م. شاخەوان محمد ساڵح، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، ٢٧-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ١٢:٥٤ ئێوارە.
٥- دیمانە و چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نەجیبە ئیبراهیم، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، ٣٠-٣-٢٠٢٢، کاتژمێر ٩:١٩ ئێوارە.

### ❖ سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- احمد عدنان الميالي، أزمة السيادة في العراق، مأخوذة من الموقع الشبكة النبأ المعلوماتية، تأريخ زيارة ٢٢-٣-٢٠٢٢.
https://annabaa.org/arabic/authorsarticles/٢٦٣٩٦
٢- اسعد سليمان، العراق: جذور الصراعات الداخلية، مأخوذة من الموقع المعهد المصري للدراسات، تأريخ زيارة ٢١-٣-٢٠٢٢.
https://eipss-eg.org/العراق-جذور-الصراعات-الداخلية/
٣- تمارا كاظم الأسدي، إشكاليات بناء الدولة العراقية، مأخوذة من المركز الديمقراطي العربي، تأريخ زيارة ١٧-٣-٢٠٢٢.
https://democraticac.de/?p=٧٣٠٤٠

٤- حارث حســـين، الأزمة  في العراق: إرث من الإقصــــاء، مأخوذة من الموقع مركز المالكوم كير-كارنيغي للشـرق الاوســط، تأريخ زيارة ٢١-٣-٢٠٢٢.

https://carnegie-mec.org/٢٠١٤/٠٤/٢٣/ar-pub-٥٥٤٠٥

٥- سـعد حسـين، مفهوم التدخل الدولي، مأخوذة من الموقع مؤسسـة نودم الاعلامية، تأريخ زيارة
١٣-١-٢٠٢٢.

https://nudem.org/٢٠٢٠/٠٣/٠٦/%D٩٪٨٥٪D٩٪٨١٪D٩

٦- صـــلاح عبد اللطيف التدخل الإيراني في العراق : التاريخ والواقع والمستقبل مأخوذة من الموقع إضاءات، تأريخ زيارة ٢٢-٣-٢٠٢٢.

https://www.ida٢at.com/iranian-interference-in-iraq-history-and-the/

٧- فرهاد علاء الدين، إيران وسياسات الهيمنة على العراق، مأخوذة من الموقع الشرق الأوسط، تأريخ زيارة ١-٤-٢٠٢٢.

https://aawsat.com/home/article/٢١٤١٨٧١

٨- مركز المســـتقبل، مســـارات التدخل العســـكري التركي فى العراق، مأخوذة من الموقع مسـارات التدخل العسـكري التركي فى العراق، تأريخ زيارة ٣١-٣-٢٠٢٢.

https://futureuae.com/ar-AE/MainPage/Item/٤٠٠٢

٩- موسى ســـليمان موسى، مفهوم التدخل الدولي و صـــورة و مدى مشرـــوعيته، مأخوذة من الموقع المرجع الإلكتروني للمعلماتية، تأريخ زيارة ١٣-١-٢٠٢٢.

https://almerja.net/reading.php?idm=٨٣٨١٩